جویَ ئەکاتەوە . ئەمەی خوارەوەش دەقی ووتویژێکە لەنیوان خوای گەورە و شەیتاندا کە هەندیَ زانایان باسیان کردوە و لەنامەکانی خۆیان تۆماریان کردوە:

شەیتان ئەڵیَ : ئەی خوایە : ئەگەر تۆ بتویستایە من سوژدەم ئەبرد بۆ ئادەم و بەزۆر بەمنت ئەکرد ، ئیتر بۆچی سزای من ئەدەی ؟

خوای گەورە ئەفەرمویَ : چ کاتیَ زانیوتە من نەمویستوە تۆ مل کەچی بۆ ئادەم بکەی ، لە دووای ئەوەی من فرمانم پیَدای سوژدە ببە بۆ ئادەم و نەت برد ؟ یا بەر لەفەرمان پیَ دانت بەوەی سوژدە ببەی بۆ ئادەم ؟

شەیتان ئەڵیَ : دوای ئەوەی فەرمانت پیَ دام و سوژدەم نەبرد و بی فەرمانی تۆم کرد .

خوای گەورە ئەفەرمویَ : کەواتە تۆ بیانوت نەما هەر بەگویرەی ووتەی خۆت ، تۆ خۆتت بۆڕدا ، چونکە مل کەچ نەکردنی تۆ پیش ئەوە بووە کە تۆ بزانی کەمن بەزۆر بەتۆی ئەکەم ڕیزگرتن لەئادەم . ئەمە لەلاییکەوە ، لەلایەکی ترەوە ئەگەر من بم ویستایە بەزۆر سوژدەت ببردایە فەرمانم پیَ نەئەدای بەکردنی و ، سودیَ لەو فەرماندانەی مندا نەئەبو ، کاری وایش لەئیمەوە دورە . کەواتە سزادانی ئیمە بۆ تۆ لەجیگای خۆیایەتی ، چونکە پیش هەموو شتیَ خۆتت بەگەورە داناوە و بیَ فەرمانی ئیمەتان کردوە .

تیبینی : جاریك شەیتان بەخزمەت پیغەمەر گەیشت ( ﷺ) ووتی : خوا ناوی تۆی بردوە بەڕیگە پیشاندەری ئادەمیزاد بۆ پەرستنی خودا و ، ناویشت نراوە بەڕیگە پیشاندەری ڕاستەقینە و ، منیشی نیو بردوە بەڕیگە تیك دەری مرۆڤ و بەڕیگە لیَ تیك چو ، ئەوانە زۆر ڕاستن . بەڵام هەمویان نە بەدەستی تۆیە و ، نەبەدەستی منە ، هەمویان بەدەستی خوان .

پیغەمەر (ﷺ) فەرموی : هەرچەندە هەمو شتیَ بەدەستی خوایە ، بەڵام ئەو شتەی بەدەستی منە ڕوون کردنەوەی کاری پڕوپوچە بۆ دانیشتوان ، وە هەوڵدانە بۆ گیرانەوەیان لەخراپە ، و هەڕەشەلیَ کردنیانە بەسزای گران بۆ ئەوەی خوا بپەرستن و ، بەدەستی تۆیە فیلَ و

و پیتانە وەڵامی دانەوە ودەم کوتی کردن، فەرمووی : (ألم) یانیٚ ئەم قورئانـە پیٚـك هـاتووە لەو پیتانە کە ئیٚوە پەخشانو هۆنراوە و بیٚژەی تری خۆتانی لیٚپیٚك دیٚنن . کەواتە ئیٚـوە کـە لافی زمان پاراوی و زمانیعەرەبی زانین لیٚ ئەدەن: ویٚنەی ئەم قورئانە ، یا (١٠) ئایەت ، یا سورەتیٚکی کورتی ئەم قورئانە دابنین کە تامی ئەوقورئانـە بـدا وەزۆر ڕوون و ئاشکرایە نەتان توانیوە و ناشتوانن . کەواتە دانراوی موحەمەد نیەو دانراوی‌کەسی تر نی‌یە جگە لـە خوای‌گەورە ، موحەمەد مرۆڤیکە وەك ئیٚوە . پیتو ڕستە هەر ئەوانەن کە قورئـان و جگـە لە قورئانیان لیٚ پیٚك دیٚت کەئیٚوە ناتوانن ویٚنەی قورئان دابنین بەو پیت و ڕستانە .

خوای گەورە بەم چوار ئایەتەی دووایی باسی‌کردەوەو ڕەوشتی باوەردارنمان بۆ ئەکا و ئەفەرمووێ :

﴿ ذلك الكتابُ ﴾ ئەم قورئانە کە دانراوی خوایە و لـەو پیتانەی سەرەوە پیٚك هـاتووەو ئیوەی بی باوەر ناتوانن ڕووبەڕووی بوەستن و ویٚنەی کەمترلـە و قورڕئانە دابنیٚن .

﴿ لاريب فيه ﴾ گومانی تیدانی‌یە لـە لایەن خواوە هاتووە ، بۆیە ئیٚوە ناتوانن ویٚنەی ئەو دابنیٚن بەو پیتانە ، کە گفت و گۆی خۆتانی پیٚ دەکەن .

﴿ هدى للمتقين ﴾ ئەو نامەیە ریگە پیشان دەرەبۆ ئەو کەسـانەی خۆیـان ئـەپاریٚزن لـە هەموو گوناهیٚ ، وە هەر شتیٚ خوا فەرمانی پیٚ بدا جیٚ بە جیٚ ی ئەکەن.

پ-ئەو کەسانە خۆیان لـە گوناە ئەپاریزن چ پیٚویستیان بە ڕیٚ پیشاندن هەیە ؟

و- مامۆستا کەئەیەویٚ قوتابیەکان فیٚری وانەکان بکا . ئەو قوتابیانە هەیانە زیرەکـن وە هەیانە تەمەڵن و نازیرەکن .وە ئەو قوتابیانە کەسوودی تەواو وەرئەگرن قوتابیـە زیرەکـانن وپاشەرۆژیان دەرچونـەبیگومان .کەواتـە لـە راسـتیدا ئـەو مامۆسـتایە مامۆسـتای قوتابیـە زیرەکەکانە . هەروەها قورئانی پـیرۆز ڕوی خـۆی ئـەکا تـە لای هـەموو کەسـیٚ بـە بـیٚ جیاوازی . بەڵام ئەو کەسەی سوودی تەواو لـە قورئـان وەرئـەگریٚ ئەوکەسـانەن خۆیـان ئەپاریٚزن لـە گوناهو کاری‌چاك ئەکەن ، بۆیە خوای گەوەرە بەتایبەتی ناوی ئەوانی بـردووە

. ئەو کەسانەی خۆیان ئەپارێزن لە گوناە خوای گەورە لە مافیانـا ئەفـەرموێ :﴿ وَالَّذِیـنَ اهتَدوا زدناهُم هدیً ﴾ وە کەسانێکی ئەوتۆ شارەزاییان وەرگرتبێ ئیمە بۆ ئەوان پاداشـت زۆر ئەکەین.

پ- ئایا قورئانی پیرۆز هەموو شتێکی فێری ئادەمیزاد کـردوە لـەکاروباری هـەردوو جیهان ؟

و- قورئانی پیرۆز نامەیەکی خوایە ناردویەتی بۆئادەمیزاد بـۆ ئـەوەی فـێری ڕەوشـتی چاك بن و یاسای ئیسلامیان بۆڕوونبکاتەوە بەشێوەیەك .

ئادەمیزاد بەختیاری هەردوو جیهان وەربگـرن . بـەلام قورئـان بـۆ ئـەوە نـەهاتووە ئـادەمیزاد فـێری ئاسـنگەری و دارتاشـی و دروسـت کردنـی کارگـەی هەمـە جـۆرە و بەرهەمەکانیان بکات ، زۆر ئاشکرایە قورئان هانی ئادەمیزاد ئەدا بەو ئەقلـەی خـوا پـیی بەخشیون فێری هەموو شتێ بن بەهۆی ئاشتی و خۆشی جیهان فێری ببین بۆ زۆر کردنـی دارایی و بەرگری لە خۆیان لە کاتی پەلاماری دوژمـن بـۆ سـەریان ، فـێری پزیشـکی و ئەندازیاری و گەردوون ناسی و مێژوو ناسی و زانیاری سروشتی و پیوانی زەوی و جۆری ژیـانو و گـوزەران و زمـان و زاراووەی دانیشـتوانی رووی زەوی بـین ، خۆمـان نـەزان ونابەلەد لە جیهاندا نەیەڵنەوە ئیتر قورئـان وەکـو یاسـا و دەسـتورێکی ئـایینی بـۆ ئـەوە نەهاتووە تە خوارەوە مرۆڤ فێری نان خواردن و جل شۆری و بەرگ و کەرەسـەی خـاو دەرهینان بکا وە هیـچ نامەیـەك و پـەراویکی هـەتا ئێسـتا نـەهاتووە لـە لایـەن خواوەکـە ئادەمیزاد فێری ئەو جۆرە شتانە بکا..

بۆ زانین : دوژمنانی موسڵمانان پروپـاگندەی ژەهـراوی بـڵاو ئەکەنـەوە و ئـەڵێن : بۆچی قورئانی موسڵمانان ئەوانی فێری چەك دروست کردن و کەشتی دروست کـردن و ئەو شتانەی جگە لە موسلمانان هەیانە نەکردووە ؟. ئەو کەسـانە زۆر گێـل و گـەوجن خۆیانیان کوێر کردووە : ئایا لە نامەکانی ئەواندا وەك تەورات و ئینجیل ئـەو دوژمنانـەی

ئیسلام ئەوانی فێری ئەو شتانە کردووە؟ وە ئەو کەسانە بۆیە ئەو پروپاگەندانە ئەکەن هەتا ئێمە بیر نەکەینەوە وەکو خۆیان بۆ دروست کردنی شتی پێویست ،لاوازمان بکەن و بەرگی خواپەرستی لە بەرمان داکەنن ، لە ڕەوشتی چاك دوورمان بخەنەوە ، وە ئەو دوژمنانەی موسڵمانان ئەیانەوێ بمان خەڵەتینن و ئاگامان لە خۆمان نەمێنی بە و پڕۆپاگەندانە دەرزی ژەهراوی مان لێ بدەن بۆ بێ هۆشیمان و دزینی سامان و زێڕی ڕەشمان و بەکاری بێنن بۆ خوێن مژینمان و داگیر کردنی ناموس و پەرتەوازەی یەکێتیمان .

بۆ ئاگاداری : ئێمە موسڵمان پێویستە ژیری و هۆشی خۆمان بەکاربهێنین بۆ بەسەر گرتنەوەی ناموسی داگیرکراومان ، زۆر شەرم و ڕیسواییە دوژمنان بین بە خاوەن بیت و سامان و نیشتمان و ، ئیمە بێ بەش بین لە دارایی خۆمان و لە و شتانەی سوودی تێدا بێ بۆمان چاویان لێ نەکەین ، بەلام لاسای ئەوان بکەینەوە لە خواردنەوەی ئارەق و داوێن پیسی و قومارکردن و ڕوت کردنەوەی ژنان و ئەو شتە گلاوانە بە پێش کەوتن بزاین . دووای ئەوەی خوای گەورە هەست و ئەقڵی پێ بەخشیوین سەربەستی و ئازادی داوە پێمان پێویستە هەست بە ڕیزیخۆمان بکەین و راپەرین بۆ دۆزینەوەی پیشەی بەنرخ و زانینی هەموو شتێ ببێتە هۆی سەرکەوتنمان بۆ پاراستنی ئاین و ناموس وخاك وگەلەکەمان ،وەئەبێ لەبیرمان نەچێ هەنێجار قورئانی پیرۆز باسی کەونمان بۆئەکا و باسی سروشتەکانمان بۆ ئەکا وباسی ،بزبزکەو چەخماخەوهەنێجاریش باسی مێژووی گەلانی رابردوومان بۆ ئەکا،بۆئەوەبزانین سودیان چ شتێکە ، باسی سزادانی هەنێ نەتەوەمان بۆ ئەکا بۆ ئەوەی پەندی لێ وەرگرین .

﴿ الَّذِينَ يؤمِنُونَ بِالْغَيبِ ﴾ ئەو کەسانەی ئەوتۆ لەخو نەترسن وخۆیان ئەپارێزن لە گوناه کەسانێکی ئەوتۆن بڕوایان هەیە بەو شتانە لەبەر چاو نین و نهێنین و ، هەستیان پێ ناکرێ بە دەست و چاو و زمان وەکو خوایگەورەو فریشتەکان و ڕۆژی دووایی و پرسیاری گۆڕ و بەهەشت و دۆزەخ و زیندووبونەوەو گیان (الروح) و زۆر شتی تری زۆر

. بەڵام ئیمەی موسڵمان گومانمان لە بونیانا نیيە بەهۆی فەرمودەی خواو فەرمودەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ وە پێویستە ئەو شتانە هەستی پێ ناکریٚو ناچێتەئەقڵەوە . وەك گاو ماسی و کێوی قاف و ئاوی زیندەگانی (ماء الحیاة) ئەوانە هەمووی ئەفسانەی پڕوپوچن و بیروڕای جولەکەکانە .

بەراستی ئەم ڕووداوەی خوارەوە شتێکی گرنگەبۆ ئەوەبکرێ بە بەڵگە لە سەر بوونی خوای گەورە : جارێك زانایەکی بەنرخ لە لای ژوورەوەی کۆمەڵێك دا دادەنیشێ و ئامۆژگاریان ئەکا ئەوانیش زۆر بە ڕێزەوە گوێ ی لیٚ ئەگرن لەنێو ئەو کۆمەڵەدا مرۆڤێکی دڵ پیسو نالەبار پرسیاری شتێکی لیٚ ئەکا وەك مەتەڵ ئەبێ زاناکەیش ئەفەرموێ : من وەڵامی ئەو پرسیارە نادەمەوە و نایزانم مرۆڤەکەیش ئەڵێ : کەواتە ئەو جێگە شایستەی تۆ نیيە . زاناکەیش ئەڵێ : هەرکەسێ دیاربێ وبەچاو ببینرێ و جێگەیەکی دیاری کردبێ هەموو شتێ نازانێ ، ئەوکەسەی هەموو شتێ بزانێ و بۆ هیچ شتێ دانەمێنێ پێویستە نەبینرێ ئەو کەسەیش هەرخوا یە بە تەنها .

پ- هەندێ دوژمنانی ئاینی ئیسلام بلاٚویان کردەوە تەوە کە ئاینی ئیسلام دژی زانستی و زانینی تازەی ئەم سەردەمەیە .

و- بەڕاستی ئاینی ئیسلام ڕێزی ئەقڵ و زانین و زانستی گرتووە و هانی ئادەمیزاد ئەدا بۆ زانستی و ، زانینی زانستی پێویست کردووە لە سەر ژن و پیاوی موسڵمان و وە پلەی بەرزی داوە بەزانایان پێویستەلە سەرهەموسڵمانێ بڕوای وابێ زانست ڕاست و ئەقڵی خاوێن دژایەتیان لە گەڵ ئاینی ئیسلامدا نیيە ، دژایەتیان لە گەڵ فەرمانەکانی ئیسلامدا نیيە بە ڕاستی و بە تایبەتی تاقی کردنەوەی ئەقڵ و زانستی گەورەترین بەڵگەن لە سەر خوایەتی خواوپێغەمبەریەتی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەگەر ئەقڵ نەخرێتە کار هیچ شتێ نازانرێ بۆ ڕێزی زانست و ئەقڵ خوای گەورە (٥٦)جار لە قورئاندا ئەفەرموێ :(تعلمون) وە (٢٤)

جار ئەفەرموێ : ﴿ تعلمون ﴾ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەفەرموێ ﴿ أصل دینی العقل ﴾ بنچینەی ئاینی من لەئەقڵەوە دەرئەچێ .

پ- وەکو باسکرا ئەقڵ بنچینەی ئایینە . کەواتە بە ئەقڵ هەمو فەرمانەکانی ئاینی ئەزانرێ و پێویست بە قورئان ناکا؟

و- زۆر ڕاستە ئیسلام یەکەمین شتێ بەڵگە بێ لەسەر خوایەتیخواو پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر و لە سەر ئەوەی لە لایەن خواو پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ هەموفەرمانەکانیئیسلام دەزانرێت ریگەیشبی بۆ ناسینی خواو پێغەمبەر هەر ئەقڵە ، خوا ئەناسرێ بەهۆی بونەوەرانەوە وە بە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەناسرێ بە ئەقڵ لە رێگەی کارە پەك خەرەوەکانەوە کەلە پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ پەیدا ئەبن کەواتە واتای ئەو فەرمودەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەمەیە : دابین کردنی خوایەتی خوا و پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ لە سەر ئەقڵە نەك لە سەر لاسایی و دواکەوتنی کوێرانە ، نەك لە سەر ئەفسانەکان و کاری پڕو پوچ ، بە ئەقڵ هەموو فەرمانیك ئەزانرێ لەکاری ڕاست و لەکاری پڕوپوچ .

بۆئاگاداری : باوەڕ(الایمان) چ شتیکە ؟ باوەر ئەمەیە ئەبێ بە دڵ و بە زمان بلێیی : هەر خوا شایستەی پەرستنە ، پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ نێرۆاوی خوایە و ، دووبارە باوەڕ ئەمەیە : کردەوەمان چاك بێت و دوورە پەریز بین لە خراپە ، لە بەر ئەوەی ئێمە نازانین دڵی مرۆڤ چ شتێکی تێدایە ؟ ئێمە پێویستمان بە کردەوەی بینراو هەیە تا بەڵگەبن لە سەر باوەڕی مرۆڤ ، یانێ شایەتی هێنان نوێژ و ڕۆژوو و زەکات بەڵگەن بۆ سەر باڕوەرداری خاوەنەکانیان ، باوەڕ بەنهێنیەکان بە شێکە لە ئاینی ئیسلام و ، هەر کەسێ باوەڕی بە نهێنیەکان نەبێ موسلمان نیەیە ، هەرشتی نەگونجێ ببینرێ بە تاقی کردنەوە یان بە ئەقڵ یا بە فەرمودەی خواو پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەوشتە ئەفسانە پروپوچە ، جوولەکەکان و دوژمنانی ئیسلام بڵاویان کردووەتەوە .

﴿ ویقیمون الصلا ة﴾ : وەئەوکەسانە لەخوا ئەترسن خۆیان ئەپارێزن کەسانێکی ئەوتۆن ڕائەوەستێنن نوێژەکانیان ،شەووڕۆژی پێنج نوێژ ئەکەن بەو جۆرەی بۆی دیاری کردووین .

تێبینی : خوای گەورە نەحشەیەکی تایبەتی کێشاوە بۆ موسلملنان کە لە شەو رۆژێکدا پینج جار خۆیان بنوێنن لە خزمەتی خوادا . وێنەکە سێ کاربە دەستان ئەوکەسە قەدەغە بکەن نەچێتە دەرەوە و پێویستی ئەکەن لە سەری هەموو رۆژێ خۆی بۆ بنوێنێ لای ئاسایش و پۆلیس لە کاتی دیاری کراو بۆ ئەوکەسە .

بۆ زانین : ئەوکەسەی واز لە نوێژ کردن بێنێ و بڕوای بە پێویستی نوێژ نەبێ پێویستە بکوژرێ و بەبێ باوەڕ ئەژمێرێ لای ئاینی ئیسلام . ئەگەر بڕوای بە پێویستی نوێژ ببێ و نوێژ نەکا لە بەر تەمەڵی پێویستە داوای لێ بکرێ پەشیمان ببێتەوە و دووایی پەشیمان بونەوەی لێ وەرئەگیرێ بۆ کردنی نویژەکان ، ئەگەر هەرنەی کرد پێویستە بکوژرێ ، بەڵام بە موسڵمان دائەنرێ بە ڕووالەت ، پەنهانیشی لای خوای گەورەیە .

﴿ ومما رزقناهم ینفقون ﴾ وە ئەوکەسانەی لە خوا ئەترسن و خۆیان ئەپارێزن کەسانێکی ئەوتۆن هەندێ لەو شتانەی ئێمە پێمان بەخشیون ئەوان ئەیدەن بەهەژاران لەڕێگەی خودا ئەوکەسانە باوەڕیان وایە هەرسامانێ هەیانە خواخاوەنی ئەو سامانەیە ،خوا ئەمانی داناوە لەسەر بۆماوەیەکی کەمی تایبەتی ،ئەوانیش بەپێی فەرمودەی خوا ئەبەخشن بەوکەسانەی خوا دیاری کردوون .

بۆزانین : دارایی ئادەمیزاد پێویستە زەکاتی لێ دەربکرێت ، ئەو زەکاتە دووجۆرە ، جۆرێکیان خواپێویستی کردووە لەسەر ئادەمیزاد ئەندازەیەکی دیاری کراوو بەگوێرەی یاسا لەداری خۆیان بەشی هەژارانی لێ بدەن ئەگەر نەیاندەنێ گوناهبار ئەبن ، ئەو جۆرەکەی تر یان پێویست نی‌یە .بەلام چاك وایە لە دارایی خۆیان بە شی هەژاران ئەدەن لە و داراییانەی خۆیان.

﴿ والّذین یؤمنون بما أنزل إلیك وما أنزل من قبلك ﴾ ئەوکەسانە خۆیان ئەپارێزن لەگوناه کەسانێکیئەوتۆن باوەڕئەهێنن بەشتێنێرراوە بۆلای تۆ وەبەشتێ بۆلای پێغەمبەرە پێشوەکان لەپێش تۆوەن ، ئەوکەسانە وێنەی عەبدولآی کوڕی سەلام کەبڕوایان بە قورئان وتەورات وئنجیل هەیە پێش دەست کاری کردنیان .

تێبینی : ئەوشتەی هاتوە بۆلای پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ قورئانەکە بەسروش خواناردوویەتی بۆ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەوشتەش نێرراوە بۆلای پێغەمبەرە پێشوەکان بریتین لە تەورات بۆموسا ،زەبور بۆلای داوود ،ئنجیل بۆ لای عیسا ، ئەو نامانەی پێشوو شایانی ئەوە نین ئێستا بڕوایان پێ بکرێت بەوانەی ئێستابیان ،چونکە نەماون ،وەئەگەر مابیشن دەستکاری کراون ئێمە وازدێنین و لە تەورات و زەبور . بەلآم باباسی وتەی گاورەکان بکەین لە بارەی ئینجیلەکانبان وەکە خۆیان ئەیلێن .نەك جگە لە خۆیان (جوستان لاتسۆن) لەنامەی خۆیا (نولتێ)کەموحەمەدغونەیمی وەریکێڕاوە بۆسەر زمانی عەرەبی لە گۆڤاری (هلال)دا لاپەڕ ١٩٣ چاپی سالی ١٩٦٣ی سالی زاینی ئەلێت : ئەوەی بزانرێ لەو ئینجیلانە گاورەکان دایان ناون ئەگەنە ٥٤ پەنجاو چوار ئینجیل ، چوار لەو ئینجیلانە کەلەدوای هەمویان دانراون ،لەوچوارانە تازەترین ئینجیلیان (لۆقا)یەو ئەمە ش بێگومان وا نیشان ئەدا کەئەو ئینجیلانە نامەی خوا نین ، چونکە نامەی خوا هەر یەکە نامەیە ... وەهەر وەها (الیاس نجمە) لە نامەی (یسوع المسیح) لە لاپەرەی (١١) یازدە چاپی سالی (١٩٦٢) ئەلێ کاتێ نیردراوەکانی عیساو قوتابیەکانی وایان بە چاك زانی کە بە راستی پێویستە دانانی هەندی لە ئامۆژگاریەکانی خواو هەندێ لە و ئامۆژگاری و کردارە پەك خەرەکانی خوا، ئەوانیش بۆ ئەو مەبەستە ی خۆیان هەندێ لەو ئامۆژگاری و کردارە پەکخەرانە یان نووسی ئەوانیش بیگومان ناوی ئەبەین بە ئینجیل ، وە ئەو ئینجیلانەیش بریتین لە چوار شیوە یا لە چوار دەق (متی ، یوحنا ، مرقوس ، لوقا) ن.

بۆ ئاگاداری: بێگومان ئەو دوو نامانەی پێشوو بە لگەی ئاشکران هەر بە ووتەی گاورەکان لە سەر ئەمەی کە بە راستی ئەو چوار ئینجیلانە نە بە دەقی خۆیان نە بەپیتە کانیان سروش نین لە لایەن خواوە هاتین وێنەی قورئانی پیرۆز کە سروشی خوایە ،بە راستی ئەو ئنجیلانە گێرانەوەی فەرمودەی مەسیحن و بە س . وێنەی فەرمودەکانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ کە موسلمانان گێراویانەتەوە لە فەرمودەو کردارە پەك خەرەکانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ وەك نامەی بووخاریو موسلیم توورموزی نەسائی وەنامەکانی تر کەفەرموودەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ تێداکۆکراوەتەوە ، بەلآم تاکە جیاوازیان هەبێت ئەمەیە کەبەڕاستی ئەوکەسانەی ئەوچوار ئنجیلانەیان .گێراوەتەوە لە عیساوە لە هەڵەوە دورن و پارێزراون لە درۆبەلای گاورەکانەوە درووست نییە تانەیان لیٚبدرێ بێگومان لەمووسولمانان هیچکەسێ لەوزانایانە فەرموودەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ گێراوەتەوە نەبێ گوناهن وەنەبێ هەڵەیشن وەدروست نییە کاربەهەڵەکانیان بکەین مەگەر لەپاش تاقیکردنەوەی ڕاستی . کەواتەبەگوێرەی ئەقڵ هیچ جۆرە جیاوازییەك نییە لەنێوان ئەو چوارئنجیلانەو لەنێوان نامەکانی فەرمودەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ لەوبارەوە کەدروستە تانەو توانج بدرێ لەهەردوو لایان ، چونکە بەبێ جیاوازی هەردوو لایان گێرانەوەی فەرموودەی دوو پێغەمبەر دووخاوەن پەیامن .. بەلآم جیاوازی نێوان قورئانی پیرۆزو نێوان ئینجیلەکان زۆر ڕون و ئاشکرایە ، چەونکە بەڕاستی قورئانی پیرۆز ڕوبەڕوی نەتەوەی دوای خۆی ئەوەستێو بەرەنگاریان ئەکات و بانگیان ئەکاو ئەفەرمووێ : ئێوەی ئادەمیزاد ناتوانن وێنەی قورئان دابێنن هەرچەندە ئەتوانن نامە ئاسمانییەکانی تر دابێنن .

تێبینی : ئیلیاس نەجمەی ڕابردوو هەوڵی داوە کە ئەووتەی خۆیە دابین بکاو ئەڵێ : لەلاپەڕەی ﴿١٢﴾ دووازدەی ﴿ يسوع المسيح ﴾ کلێسا شایەتی ئەدا کەئینجیلەکان ڕاستن ، وەئینجیلەکانیش شایەتی ئەدەن کەکلێسا ڕاستن و ، هەریەکەیان ڕاستی ئەوی تریان دابین ئەکەن..ئاشکرایە کە بە راستی ووتەی ئیلباس وێنەی ئەوەیە مرۆڤێ خۆی

شایەنی بدات بۆ خۆی دەق بە دەق وەك ئەمەیە مرۆڤێ بلێ من راست ئەکەم چونکە فلان شایەتی ئەدا من راست ئەکەم یانێ بەکتری شایەتی بدەن لەسەرڕاستی یەك تری بۆزانین: جێگەی متما نەیە کەلەپاشکۆڕۆژنامەی (النهار)ی بیروتی لە مێژووی (١٩٦٤/٧/١٣) لە گفتوگۆیەکی درێژدا هاتووە بە راستی زانایانی تایبەت وگاورەکانیش دووبارە دابینیان کردووە بە تاقی کردنەوەی میشکی ئەلەکترۆنی بە راستی زۆرتر لەو نووسراوانە دراونەتە پاڵ (پولص) ی نیراو دانەری گەورەی ئاینی مەسیحیەکانە زۆرتریان درۆن و دەست هەلبەستن .

﴿وبالآخرة هم یوقنون﴾: وە هەر ئەو کەسانە خۆیان ئەپارێزن لە گوناه باوەڕی بێگومان ئەهێنن بەڕۆژی دوایی. خوای گەورە بەو رستەیە جولەکەکان بە درۆ ئەخاتەوە کە ئەلێن ئیمە گەلی هەلبژێراوی خواین بە هەشت هەر بۆ ئیمەیە ، چەند رۆژیکی دیاری کراو خوا ئێمە ئەسوتینی چونکە هەندێ لەوان بڕوایان بەڕۆژی دوایی نیە ، دووبارە بەم رستە بە باوەڕی بیگومان ئەوکەسانە خۆیان ئەپاریزن لە گوناه دابین ئەکاتەوە ، بیروڕای جگەی ئەوان پوچ ئەکاتەوە .

بۆ زانین : بڕوا بەرۆژی دوایی یەکێکە لە بڕوابوون بەو شتانە نەهێنین و نابینرێن . بەلام دووپات کراوەتەوە هەتا بە چاکیبڕوای لەخواترسەکان ڕون دەبێتەوە باشتر باسی چاکەکەیان بکرێت .ئاشکرایە باوەڕ بەڕۆژی دوای تەنها بەوتەی ڕوت نابێ پێویستە خۆیشیان بپارێزن لەکوشتن و کاری نارەوادا وداوێن پیسیودووڕوویی و دزیو سودوەرگرتنو بەرتیل خواردن و خواردنەوەی مەی و قومارکردن ڕووتالی ژنانو بەرەلاییانو سوێنی درۆوکیشانەوە پێوانەی نارێکو دەیان شتی خراپ.

﴿ اولئك علی هدی من ربهم و اولئك هم المفلحون ﴾ وە ئەو کەسانە خۆیان ئەپارێزن لە گوناه لە سەر شارەزایی و ریگەی راستن لە لایەن پەروەردگاری خۆمانەوە وە ئەو

کەسانە ئەوانەن رزگاریان ئەبێ و ئەچنە نێو بە هەشت و دوورئــەبن لــە ئـاگری دۆزەخ و سزای پاشەڕۆژ .

خوای گەورە بەم دوو ئایەتەی دووایی باسی بی باوەران ئەکا بە شیوەیەکی تـەواوی و ئەفەرموێ :

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٦﴾ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَعَلَىٰ سَمْعِهِمْ ۖ وَعَلَىٰٓ أَبْصَٰرِهِمْ غِشَٰوَةٌ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٧﴾

﴿ إنَّ الَّذِينَ كَفَـرُوا سَـوَاءٌ عَلَيـهِم ءَأَنذَرتَـهُم أم لَـمْ تُنذِرهُـم لا يؤمنـون ﴾ بەڕاسـتی کەسانێکی ئەو تۆ باوەڕیان نەهێناوە بەخوا و بەپێغەمەر و بەڕۆژی دوایی و بەنامەکانی خـوا ، یەکسانە لەسەریان ئایا تۆ بیان ترسێنی لەسزای خوا یا تـۆ نـەیان ترسێنی ئـەوان بـاوەڕ ناهێنن وە ئەو کەسانە شایستەی ئامۆژگاری نین .

﴿ خَتَم اللهُ عَلَى قُلوبِهِمْ وَعَلَى سَمعِهِم وَعَلَى ابصارِهِم غِشَـوَةٌ وَلَـهُم عَـذَابٌ عَظِيـمٌ ﴾ خوا مۆری داوە بە سەر دڵیانا بیر لە فەرموودەی خوا ناکەونەوە وە مـۆری داوە بـە سـەر گویچکەیانا شتی چاك نابینن و بە سەر چاویانەوەپەردەیەك هەیەکەنابەڵیڕاستی بچێتە نـاوی و بۆ ئەو کەسانە سزایەکیزۆر گەورە هەیە لە ڕۆژی دواییدا.

خوای گەورە دوای باسی باوەڕداران و بـێ بـاوەڕان بـەم ﴿١٣﴾ سێزدە ئایەتـەی دوای باسی دووروەکان ئەکاو ئەفەرموێ:

وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَبِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَمَا هُم بِمُؤْمِنِينَ ﴿٨﴾

﴿ولهم عذاب اليم بما كانوا يكذبون﴾ وە بۆ ئـەو کەسـە دووڕووانـە هەیـە سـزایەکی خاوەن ئازار لـە ڕۆژی دووایدا بەهۆی شـتێ ئـەو کەسـانە باوەرنـاهینن و بـە درۆ ئـەڵێن باوەڕمان هێناوە ، باوەر بە خواو بە رۆژی دوویی نایەرن و لـە ژێرەوە بێ باوەرن .

بۆ زانین :ئەوکەسانە بێ شەرم و دووڕوون بە بێ جیـاوازی ئەوکەسـانەی سـەردەمی پێغەمبەربن ﴿ﷺ﴾ یا جگەی ئەوان بن لە هەموو کات و جیگەیـە هـەر رۆژێ بـەرگێك و رەنگی ئەدەن لـە خۆیان هەرلە بەر سودی تایبـەتی خۆیـان بـۆ ئـەوە بـە جۆرێکـی نـارەوا سامانی زۆر پەیدا بکەن ، ئایین و نیشتمان و ناموس و گەلی خۆیان ئەفرۆشن . بەلاّم بیریان پوچ و خاوە هەروەك ئەو دووڕووانە ی سەردەمی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئابڕویان ئەچێ و ئەبن بە پەند لـە جیهاندا و لـە رۆژی دووایشدا سزایەکی بە تینیان ئەدرێ بـە ئـاگری دۆزەخ ، وە مرۆڤی دووڕوو هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کەم خۆیان بسەپێنن بەسەردا نیشتواندا زۆری پـێ ناچێ توشی ڕوورەشی ئەبن ، وە هێرشـی مـافی ڕەوا ئـەیان پلیشـێنێ و رون ئەبنـەوە و ، گەلو دانیشتوان تفیان لێ ئەکەن و نەفرەتیان بۆ ئەنێرن ، لـە هەموو لایەکەوە تاوانجیـان تـێ ئەگرن ، بە ختیاری و سەربەرزی هەر بۆ پیاو چاکانە وەکو ڕوونە ئەو ئایەتانـە هەڕەشـەی توندیان کردووە لـەو کەسانە فێڵ لە موسڵمان ئەکەن و ئەیانـەوێ فریویـان بـدەن ، خـوا پشتیوان و یاریدەدەری موسڵمانان و نیاز پاکانە .

تێبینی : پێش ئەوەی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ کۆچ بکا بـۆ مەدینـە هـەندێ لـە دانیشـتوانی مەدینە بەتایبەتی ئەو کەسانەیان خاوەنی پلەو سەرۆکایەتی بون ، وێنەی عـەبدولای کـوری ئوبەی ،لە مەدینە هێشتا ڕەگەزپەرستی و کۆمەڵایەتی نارۆەوا کۆتایی پێ نەهاتبوو ، چونکە ئاینی ئیسلام وەکو پێویسشت دابین نەکرابوو جیگەی خـۆی نـەگرتبوو ، ئەوکەسـانە لـە بەرمانەوەی پلەو پایەکانیان دەستیان دایـە پڕوپاگـەندەو دوو ڕوویـی و پـیلان نانـەوە بـۆ موسڵمانان لـە مەدینە هەوڵیان ئەدا کەس پیان نەزانی ، خوای گەورە ئاشکرای کردن .

﴿و اذا قیل لهم لاتفسدوا فی الأرض﴾ وە هەرکاتیّ بیژرایە بەو دووڕووانە : ئیّوە خراپە مەکەن لە نیّو زەوی‌داو لە مەدینەدا کاری خراپ بلاّومەکەنەوە .

﴿ قالوا انما نحن مصلحون ﴾ ئەو مرۆڤە دووڕووانە ئەیان ووت ئیّمە پیاو چاکین و ئاشتی خوازین ، جگەی چاکە هیچ شتیّ بلاّوناکەینەوە.

﴿ ألا انهم هم المفسدون ولکن لایشعرون ﴾ ئیّوەی موسلّمان بە تایبەت ئاگادار بن : ئەو کەسانە بە ڕاستی هەر ئەوان پیاو خراپن و خراپە بلاّو ئەکەنەوە و بەلاّم ئەوان هەست ناەن بە خراپەی خۆیان و بە ڕیسوایی خۆیان .

بۆ ئاگاداری : پیاوانی دوو ڕوو بە بیّ ماندو بون ئاژاوەو ناکۆکی دروست ئەکەن . بە هاندانی دوژمنانی ئیسلام لە دژی موسلّمانان و خۆیان بە بیّ لایەن دائەنیّن . بەلاّم لە ژیّروە هەولّ ئەدەن بۆ پیّك هیّنانی جەنگ لەنیّوان هەردوو لادا لە هەرلایە زیانی موسلمانانی تیّدا بیّ پیرۆزبایی لیّ ئەکەن و یاریدەی دوژمنانی باوەرداره‌کانیان ئەدا و نهیّنی موسلمانیان ئەگیّرایەوە بۆ بیّ باوەران و جولە کەکان و ئەوانیان بە دۆستی خۆیان دا ئەنان و، بە شوین هەلدا ئەگەڕان موسلّمانان نەمیّنن و جولەکەکان سەرکەون . ئەودوو ڕووانە ئەیان ووت : ئیّمە ئاشتی خوازین و بیّ لایەنین ، دۆستی هەردوولا بن بەلاّم لە ناوەرۆکدا بەو کارەی خۆیان ئەیان ویست بە ئاسودەیی بژین و سامانی زۆر پیکەوە بنین و باشتر بتوانن تۆوی دووبورەکی بچیّنن ، لە لای جولەکەکان ئەیان ووت : ئیّمە لە بیروباوڕەی کۆنی خۆمان واز لیّ ناهیّنین ، ویّنەی ئەو دوو ڕووانە ئیستاش بەردەوامن وە بەرگی ڕیز و ناموس خۆیان ئەدڕن بۆ سودی کاتی خۆیان ، وە بەهەزاران کەس لایان بمریّ گویّیان لیّیان نیە و بەزەییان پیّیانا نایەتەوە .

﴿ واذا قیل لهم امنوا کما امن الناس﴾ وە کاتیّ ببیّژرایە بە و دوو ڕووانە : ئیّوە باوەڕ بهیّنن وەك ئادەمیزاد تر ویّنەی کۆچ کەران و یاریدەدەرانی باوەڕیان هیّناوە.

﴿قالوا أنؤمن كما آمن السفهاء﴾ ئەیان ووت : ئایا ئێمە باوەڕبهێنین وەك باوەڕیان هێناوە کەم ئەقڵەکان بۆ سوودی جیهانی و نەزانن بەو سودەی خۆیان .

﴿ألا انهم هم السفهاء﴾ ئاگاداربن بە ڕاستی ئەودوو ڕووانە هەر ئەوان کەم ئەقڵن و نەزانن بە سوودی خۆیان .

﴿ ولكن لا يعلمون ﴾ وە بەڵام ئەو دووڕووانە نازانن کە خۆیان کەم ئەقڵ و نەزانن .

بۆ زانین : زۆر ڕوون وئاشکرایە کاتێ بانگەوازی ئیسلام ڕووی کردە مەدینە زۆربەی دانیشتوان مەدینە بڕوای بێ گومانیان هێنا بە ئاینی ئیسلام وە سنگیان کردەوە بۆ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ بەڵام دووڕووەکان بە ئەقڵی خۆیان وایان ئەزانی ئەو کەسانەی سامانیان زۆر بێ پلەی کۆمەڵایەتیان هەبێ پێویستە ئەوان ڕێزیان بگیرێ باوەڕ بهێنن یا باوەڕنەهێنن ، باوەڕداران زۆربەیان هەژار بوون ، وەك ئەبوو هورەیرە ، زۆریشیان بەندەی ئازاد کراو بوون ، وەکو سەلمان . سوهەیب ، بلال ،خەباب بۆیە دووڕوەکان هار بوبون و دوای بیرو باوەڕی پوچی خۆیان کەوتبوون وە گاڵتەیان بەباوەڕدارانی هەژار دەکرد ، وایان ئەزانی بەرگ و سامان شێوەی جوان وبنەماڵە ئەگەنە فریایان ئێستا و پاشەڕۆژ . ئاوات و بیرو باوەڕی پوچیان سەری نەگرت . لەئەنجامدا هەژاران و بێ خزمەکان بون بەپێشەوای هەزاران لەپیاوە گەورەکانی جیهان و هەرێم و ، بوون بەمامۆستاو چاو لێکراوی ڕەوشتی بەرزو بەنرخی دانیشتوان . وەلەبیرمان نەچێ باوەڕداران و دووڕووان کاری خۆیان و پاداشتی خۆیان وەردەگرن یەکەمیان بەرەو بەختیاری جیهان و بەرەو بەهەشت ، دووهەمیان بەرەو ڕیسوایی جیهان وبەرەو دۆزەخ . دووڕووان بەوکردەوە پێشووە پیسانەی خۆیان وازیان نەهێنا . بەڵکو چەند ڕەوشتی تری خراپیان خستە سەر ئەوانەی پێشو یان ، وەك ترسنۆکی و ئاژاوە نانەوە ، لەپشتی پەردەوە ، وەك خوا ئەفەرموێ :

﴿و اذا لقوا الذین آمنوا قالوا آمنا﴾: وە هەرکاتێ بگەشتایە بە کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان هێنابوو ئەیان ووت : ئیمە باوەڕمان هیناوە بە خواو پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ .

﴿و اذا خلوا الی شیاطینهم قالوا إنا معکم﴾: وە هەرکاتێ بڕۆشتنایە بۆ لای شەیتانە سەرۆکەکانیان خۆیان ئەیان ووت : ئێمە بەڕاستی لەگەڵ ئێوەین لە کانگای دلمانەوە وە لە ئیوە جوێ نابینەوە .

﴿إنما نحن مستهزؤون﴾ بە ڕاستی ئیمە گاڵتە بە موحەمەد و هاوڕیکانی ئەکەین بە گشتی .

﴿ الله یستهزی بهم ﴾ خوای مەزن پاداشتی گاڵتە کردنەکەیان ئەداتەوە : لە جیهاندا وەك باوەڕداران یاسای ئاینیان بە سەردا ئەسەپێ و مۆلە تیان ئەدرێ و لە پاشەڕۆژدا بە ئاگری دۆزەخ سزایان ئەدرێ .

﴿ ویمدهم فی طغیانهم یعمهون﴾ وە خوا درێژە ئەدا بە یاخی بوونیان و دەرچونیان لە سنووری خوا ئەوان سەرگەردانن و دێن و ئەڕۆن ودڵ تەنگن .

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی (١٤) وە ئایەتی(١٥) وە ئایەتی(١٦) : ئەگێرنەوە جارێك عەبدوڵای کوڕی ئوبەی وهاوڕێی دووڕووەکانی توشی چەند کەسێ لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر ئەبن . عەبدوڵای کوڕی ئوبەی ئەڵێ :بڕوانن ئێستا چۆنتان ڕزگار ئەکەم و ئەم کەسانە چۆن ئەخەڵەتێنم کە نزیکیان ئەبێتەوە وەدەستی ئەبو بەکر ئەگرێ و ئەڵێ : مەرحەبا بێ لە مرۆڤی ڕاست وێژ ، سەرۆکی بەنی تەمیم و گەورەی پیاوانی موسڵمان . دووایی دەستی عومەر ئەگرێ و ئەڵێ : مەرحەبا لە گەورەی بەنی عەدی ، جوێ کەرەوەی چاك و خراپ ،مرۆڤی ئازاو بەهێز ، خۆت و دارایی خۆتت دانا لە ڕێگەی فروستادەی خوا ... لە پاشا دەستی عەلی کوڕی ئەبی تالیب ئەگرێ و ئەڵێ مەرحەبا بێ لە ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ گەورەی بەنی هاشم دووای پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ . لێرەدا عەلی ئەفەرموێ : لە خوا بترسە و دووڕوویی مەکە ، دووڕووەکان خرابترین

دروست کراوی خوان..عەبدولا ئەلێ : باوکی حەسەن بۆ وام پێ ئەلێت . سوێندم بە خوا بڕوای بێگومانم وێنەی بڕوای بێگومانی ئێوەیە ،کە لە یەك جویێ نابنەوە عەبدولا بە هاوڕیکانی خۆی ئەلێ : ئێوەیش لە منەوە فێری فێڵ و تەڵەکە بین ، هاوڕێکانی زۆریان ستایش کردووو تیان :ئێمە هەتا بە و جۆرە بین لە خۆشیا ئەژین . هاوەڵەکانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ئەم ڕووداوەیان بۆ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ گێڕاوەیەوە ، ئەو سێ ئایەتە هاتنە خوارەوە .

تێبینی : دووڕووەکان دڵ پیسی و ترسنۆکی بە هێز و بە ئازایی دائەنێن بۆ خۆیان ، فیڵ و فڕی خۆیان بە سەربەرزی دا ئەنێن . بە لام لە ناوەڕۆکدا دڵ پیسی و فیڵ باز و گێرە شێوێن و ترسنۆك بون . خۆیان هەڵئەکێشا لای موسلمانان کە باوەڕدارن هەتا ڕزگاریان بێ لە دەستی موسلمانان توشی زیانی جیهان ئەبن . ئەو کردەوەی خۆیانە یان کردبوو بە پەردە بۆ ئەوە گیروگرفت بۆ موسلمانان باشتر پەیدا بکەن ، هەتا ڕیزیان تیك نەچێ ، بۆیە لای سەرۆکەکانی خۆیان ئەیان ووت : ئێمەگاڵتە بەو موسلمانانە ئەکەین .. بەلام ئەوکاتە و ئێستایش کردەوە کانیان جێگەی سەرسوڕمانە !! چ شتێ لە وە خراپتر بێ ؟ خوا تۆڵەی ئەو گاڵتە پێ کردنەیان بە موسلمانان لێی بسینێ کە هیچ کەسێ نەتوانێ ڕیگە بگرێ لە خوا ، وە ڕیسوایی و سەرگەردانی و ئازاری ڕۆژی دوایی گرانتر بێ . کوێرن و دوارۆژی خۆیان نابینن .دەستی توانای خوا ئەیان چنێتەوە وە دەرچونیان نییە ، خۆیان خستۆتە نێو داوی نەگبەتی وە ئەڵێن : کاری خۆکردوومانە ، ئێمە بوین گاڵتەمان ئەکرد بە موسلمانان . دوو ڕووانی ئەمڕۆش هەمان کار ئەکەن .

﴿ اولئك الذین اشتروا الضلالة بالهدی﴾ ئەو دووڕووە سەرگەردانانە کڕیویانە ڕیگە وون کردن بە شارەزایی ریگەی راست ، لە بریتی ڕێگەی ڕاست ڕیگەی خراپیان هەلبژاردووە.

﴿فما ربحت تجارتهم﴾ دووایی قازانجی نەکردووە بازرگـانی ئـەو دووڕوانـە ، ڕێگـەی بازرگانیان وون کردو زیانو مەندبون لـە هەردوو جیهاندا.

﴿وما کانوا مهتدین﴾ وە ئەو دوو ڕووانە ڕێگـەی ڕاسـت وەرنـاگرن و ڕێـی نومـایی وەرناگرن و نای دۆزنەوە و ئامۆژگاری وەرناگرن .

﴿مثلهم کمثل الذی استوقد ناراً﴾ وێنەی ئەو دوو ڕووانە لــە گـەڵ پێغەمبـەر(ﷺ) و موسلمانانـدا وەك وێنەی کەسـێ وایـە ئـاگرێ هـەڵ گرسـێنێ ، هـەرچوار لای ڕوونـاك بکاتەوە لە جێگەی یەکی تاریکدا هەتا خۆیانی پێ بپارێزن و خۆیانی پێ گەرم بکەنەوە ، لە دڕوندەو گیانداری تر خۆیان بپاریزن بە گومانی خۆیان بۆ ماوەیەکی کەم .

﴿ فلما اضاءت ماحوله ذهب الله بنورهم﴾ دووایی کاتێ ئەو ئاگرەی ڕوونی کـردەوە ئەم لاو لای ئەو کەسە خوا کوژانبێتیەوە ڕووناکیەکەیان و سودی لێ وەرنەگرن .

﴿ و ترکهم فی ظلمات لا یبصرون﴾ وە خوا ئەو کەسـانەی واز لێ هێنـابێ لـە نێـو چەندین تاریکیدا ، تاریکی بێ باوەڕی و تاریکی دووڕوویی تاریك ڕۆژی دووایی تـاریکی ڕێگە وونکردن . تاریکی خەشمی حوا . چەند تاریکی تررو هیچ نەبینین .

﴿ صم بکم عمی فهم لا یرجعون﴾ ئەو دوو ڕووانە کەڕن ڕاستی نابینن لاڵـن توانـای وتنی ڕاستیان نی یە ، کوێرن چاکە نابینین دووایـی ئـەو دوو ڕووانـە ناگەڕێنـەوە لـە بـێ ڕیگەی خۆیان ولە دوو ڕوویی خۆیان .

ئەو وێنە هینانــەوە زۆر ڕاسـتە : یـانێ بـە ڕسـتەی ( ئیمـە بڕوامـان هینـاوە) ڕونـاکی وەرئەگرن لای موسڵمانان ڕیزیان ئەگیرێ ، ژن و ژن خوازی میرات لــە یـەکتری گرتـن وپاراستنی بازرگانی ، ئەترسان لە دارایی ومناڵیان بۆ دابین ئەبێ . بـەلاَم ناگەڕێنـەوە لـە دووڕووی دووای مردنیان توشی تاریکی و سـزای ئـاگری دۆزەخ ئـەبن . بـە ڕوواڵـەت باوەڕیان هێناوە لە ناوەڕۆکدا وێنەی کەڕو لاڵ و کوێر وان ، ڕاستی نابیینن ونایڵێن و نای بینین . بە جۆرێ شایستە بێ و سودی لێ وەربگرن .. نە لە دروستکردنی خۆیان وە نە لە

لەدروست کردنی هەموو بونەوەران بیریٚ ناکەنەوە ، نە بەهۆی هیچ هەستێکیانەوە ، نەبە گوێچکە نە بەزمان و نە بە چاو وەك ڕون کرایەوە .

تێبینی : سودی وێنە لێدان بۆ ئینسان ئەمەیە هەتا چاکتر لە ناشارەزایی دووڕووەکان تیٚبگەین وە پاشە کشیٚ و پیلانیان چاکتر بۆ دانیشتوان ڕون بێتەوە و دووبارەوە ئەو وێنانە باشتر کار ئەکەن سەر دڵی ئەو دوو ڕووانە ، لە ناوەرۆکی وێنەکان وردبینەوە کە هاندەر بیٚ بۆ چلۆنایەتی وجۆری وێنە پیٚ دراوان ، بۆ ئەوەی بیانو یان نەمێنیٚ ، پێویستە دانیشتوانبزانن زیان وخراپەی ئەو دوو ڕووانە و شاگردەکانیان هەرماون و پیشەی گلاٚوی ئەوانیان کردووە بە مامۆستا بۆ خۆیان و ئەی چەسپێنن لە نێو کۆمەڵدا ، بیشزانن زیان و خراپەی ئەو دوو ڕووانە زۆرترە لە زیانی بیٚ باوەڕان ، چونکە بیٚ باوەڕان یەکەم جار بە زەقی دژایەتی خۆیانیان بە بیٚ پەردە بلاٚوکردۆتەوە و موسڵمانان ئەیانتوانی ڕاسەو خۆ خۆیانیان لیٚ بپاریزن ، بەلاٚم ئەو دوو ڕووانە لە ڕووناکی ئاینی ئیسلام سودی زۆریان وەرگرتووە وەك موسڵمانان و لە ژێرەوە کەڕو لاڵ و کوێر و دڵ بە سراون بۆ وەرگرتنی ئاینی ئیسلام وە موسڵمانان ڕاستەو خۆ نەیان توانی لەزیان و خراپە یان خۆیان لادەن . خواگەورە یاریدەدەری ئاینی خۆی دا وە ئەو ڕووناکیە کە ئەو دوو ڕووانە سودیان لیٚ وەرنەگرت کوژانیەوە وە لە تاریکیدا وازی لیٚ هێنان و ڕیسوایی کردن لە تۆڵەی وازهێنانیان لە رووناکی ئاینی پیرۆزی ئیسلام .کاتیٚ ئەو دوو ڕووانە ئەندامی هەستەکانی خۆیانیان بەکار نەیەرن بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و لە خراپەی خۆیان پەشیمان نەبنەوەو ڕیگەی دۆزینەوەی ڕاستی وەرنەگرن ڕووناکی ئایین نادۆزنەوە .

﴿أو كصيب من السماء﴾ یا وێنەی ئەو کەسانەی دووڕوون لەنەزانینٚ وسەر لێشێوانی زۆریان وێنەی دانیشتوانیٚ وان لە لای بارانیٚ بێتە خوارەوە لە هەورێکی چڕو پڕ لە ئاسمانەوە بە خوڕی بڕژیٚ بە سەریانا لە دەشتیکی چۆڵی سامداردا لە شەوێکی تاریکدا .

﴿فيه ظلمات و رعد و برق﴾ لە نێو ئەو بارانەدا هەبێ چەندین تاریکیە وەك تاریکی چڕی ئەو هەورە و تاریکی بەرگرتنی تیشکی خۆر تاریکی شەو لە نێویدا هەبێ هەورە گرمەو و بزیسکەو چەخماخە .

بۆ ئاگاداری : (رعد) بەو دەنگە دەڵێن ئەبیسرێ لەهەورەوە بە گوێرەی بیری زانایان پەیدا ئەبێ لە چەند تەنیکی ئاسمانی لەکاتی یەکدانیان لە یەکتری بە توندی و ، یا پەیدا ئەبێ لەو بارانەوە و لە هەورەوەو دێت خوارێ بە چەپ و بە راست لەسەرەوە و لە خوارەوە بایەکی توند و تیژ هەلیان ئەگرێ و ئەیاندا لە یەکتری و ئەو دەنگە پەیدا ئەبێ وە هەندێ لە زانایانی ئاینی دەڵێن هەورە گرمەو دەنگی ئەو فریشتە بە خوا ئەو کارەی پێ سپاردوە . بەهەر شێوەیە بێ هەمو کارێ بە توانای خوائەکرێ . وە(برق) بەو رووناکیەکارە بابیەی ئەڵێن لە کاتی هەورە گرمەدا پەیدا ئەبێ و پێی ئەوترێ پزیسکە هۆی پەیدابوونی ئەو رووناکیە لە یەکدانی تەنە ئاسمانیەکانە لە یەکتری ، وێنەی ئەوە بەردو ئاسن لە یەکتری نەدەن ئەوەیش ئەمەمان بۆ دابین ئەکا کە گەرمای تیشکی خۆر هەموو تەنێ بەشی خۆی لێ وەرئەگرێ ئادەمیزاد بە زانیاری خۆی بە گوێرەی پێویستی گوزەرانی خۆی لەو تیشکە دەرئەهێنێ بۆ سوودی خۆیان هەندێ جار لە کارگەکاندا و هەندێ لە جێگەکانی تردا دەرئەهێنرێ .

﴿ يجعلون أصابعهم فی أذانهم من الصواعق حذر الموت﴾ ئەو کەسانە توشی ئەو بارانە بوون بەو جۆرە ی باسکرا دائەنێن سەر ی پەنجەکانی دەستیان لە نێو گوێچکەکانی خۆیان لە بەر ئەو ئاگرانە لە ئاسمانەوە پەیدا ئەبن لە ترسی مردن (الصاعقه) ئاگرێکی نەرمە لە هەرکەسێ بدا ئەی کوژێ .

﴿و الله محيط بالكافرين﴾ وەتەوانای خوا دەورەی داوە بە هەموو لایەکی بێ باوەڕاندا ، خوا هەموو بێ باوەڕان کۆئەکاتەوە لە نێو ئاگری دۆزەخدا و کەسیان لە دەست دەرناچێ

﴿یكاد البرق یخطف أبصارهم﴾ نزیكە ئەو بروسكە چاویان ببا بەهۆی تیـژی و هێـزی ئەو بزیسكە یە لە ناكاودا بە تاریكی ئەدا بە سـەرچاویانا . هـەروەها ئـەو دوو ڕووانـە بـە هۆی بارانی ئاین و ڕوناكی قورئانی پیرۆزەوە نزیك بو دلیان بپچرێ لـە ترسی بیركردنـەوە ی كاری ئاین و سەركەوتنی ئایینی ئیسلامەوە .

﴿كلما أضاء لهم مـشوا فیه﴾ هەمووكاتێ ئەو بزیسكەیە ڕوناكی بلاوبكردایە بـۆ ئـەو دووڕووانە و بەر پێیان ببینرایە ئەوان ئەڕۆیشتن بە نێو ڕووناكیدا .

﴿ واذا أظلم علیهم قاموا﴾ وە هەر كاتێ ئەو بزیسككە وون ببوا یە و تاریكی بهاتایـە بە سەریانا ئەوەستان لـە جێگەی خۆیانا و بەر چاویان تاریك ئەبوە وە سەرگەردان ئـەبون ، چاوەڕوانی ڕوناكی تریان ئەكرد هەتا بگەنە پەنا یە بییان پاریزی لـە كارەستات و ڕووداو . هەربە و جۆرە دووڕووەكان لـە كۆنو لـە تازەدا ئەگەر بانگ بكرێـن بـۆ وەرگرتنـی پـارەو خواردەمەنی بۆیان ڕائەكەن بە چوستی . بەلآم هاونیشتمانیان توشی گرانـی و جـەنگ بـین دێن و ئەڕۆن بە سەرگەردانی ئەوەستن و لـە ترسانا نازانن چ شتێ بكەن .

تێبینی :دووڕووان بـە بـێ جیاوازیهـەركاتێ كشـتو كـاڵ و ئـاژەڵ ودەرامـەتیان بـە ئارەزووی خۆیان بۆایە و سودی جیهانیان بەرەو پێش بڕوایە ئەیان ووت : ئـاینی ئیسـلام زۆر پیرۆزە وە هەركاتێ تووشی جەنگ و ئاژاوە و گرانی بن دەمار ئەیان گرێ و ئـەڵێن : ئاینی ئێمە تووشی ئەم شتانە كردووە .

﴿ولو شـاء الله لذهـب بسـمعهم و ابصـارهم﴾: وە ئەگـەر خوابیویسـتایە گوێچكـەی نەئەهێشتن بە دەنگی هەورە گرمـە و چاوەكانیـان نەئەهێشـتن بـە هـۆی ڕوونـاكی تیـژی بروسكەوە وە پەردەی گوێچكەیان وهێزی چاویان ئەوڕا هەروەها ئەگەر خوا بیویستایە ئەو دووڕووانە ی لەناوببردایە لە ناوی ئەبردن بە كوشتن و شتی تر . بەلآم خوا مۆڵەتیان ئـەدا هەتا ڕۆژی دوایی تۆڵەی گرانیان لێ ئەسێنێ

کەهەر ئەو دروستی کردوون پێویستە هەرئەویش بەتەنها بپەرستن نەك بتەکان و کاربەدەستانی جیهان کەدروست کراویی خوان .

﴿ لَعَلَّكُم تَتَّقون ﴾ بۆ ئەوە خۆتان بپارێزن لەگوناە ، بترسن لەسزای خوا ، هەتا بەهۆی ترس لەخوا ببنە دۆست و هەڵبژاردەی ئادەمیزاد . خوا پەرستان لەجگەی خۆتان جویێ ئەبنەوە بەوەی فەرمانەکانی خوا بەجێ بهێنن ، بۆیە پێویستە لەخوا بترسن ، چونکە خودا بەخێوکەری هەموو بونەوەرانە .

﴿ الَّذي جَعَلَ لَكُمُ الأرضَ فِراشاً ﴾ کەسێکی ئەوتۆیە دروستی کردووە ، بۆ سودی ئێوە زەوی بەژێر خەر ، بەجۆرێ دروستی کردووە ئێوە دانیشن بەسەریەوە ، هاتوو چۆ ئەکەن و هەڵناخلیسکێن بەداخەوە ئادەمیزاد ئەو لاکێشەیەیان بۆ ساختە هاتووە ، بیری لێناکەنەوە چ خەلاتێکە ، بیری لێ ناکەنەوە هەموو هۆی ژیانیان لەزەوی دەرئەچێ .

﴿ وَالسماءَ بِناءً ﴾ وەدروستی کردووە بۆ ئێوە ئاسمان بەکۆشك و خانوو بۆتان ، هەڵی داوە وێنەی گومەزێ بەسەر ئادەمیزادەوە گەرمی و ڕوناکیتان بۆ ئەنێرێ ، هێزو ڕاکشان لەئاسماندا بەجۆرێ دانراوە کەشایستەو شیاوی گوێ زەوی‌یە . کەواتە پێویستە لەمیهرەبانی خوا بگەین و بیپەرستین

﴿ وَأنزَلَ مِنَ السَماءِ ماءً ﴾ وە خوا ناردویەتی لەئاسمانەوە ئاوێ لەهەورێکی چڕەوە کەئەبێتە هۆی ژیانیان .

﴿ فَأَخرجَ بِهِ مِنَ الثَمَراتِ رزقاً لَكُم ﴾ دوایی خوا دەری هێناوە بەهۆی ئەو ئاوەوە چەندجین میوەو بەرهەمەکان لەبەر خواردەمەنی بۆ ئێوە ، وەك دانەوێڵەو میوەی ڕووەکەکان و سەوزەو شینایی زەوی .

﴿ فَلا تَجْعَلوا للهِ أنداداً وَأنتُم تَعلَمون ﴾ کەواتە ئێوە دامەنێن بۆ خوا چەندین وێنەو هاوبەش . ئێوە ئەزانن ئەو شتتانە دروست نی‌یە بکرێن بەهاووێنەی خوا ئێوە ئەیش زانن کەسی ئەوانەی پێشوی دروست کردبێ پێویستە هاوبەشی بۆ دانەنرێ .

تێبینی : ئەو هاوبەش و وێنانە دائەنرێن بۆ خوا نمونەیان زۆرە : هەیانە ئاشکراو دیارن وەك بتەکان و درەخت و بەرد ، پێغەمبەران و فریشتەکان و پیاو چاکان و ئەستێرەکان و پاشاکان و گا ومانگاو شتی تریش .. زۆر لەهاوبەش وێنەکان بۆ خوا نابینرێن وئەوپەڕی زیانیان هەیە بۆ یەکێتی خوا ، بە جۆرێکی ڕوخێنەر و پیلان بازی، وەك ئەم شتانەی خوارەوەکە هەندێ کەس بە کاریان ئەهێنن:وەك ئەوە بەتەمای ئەوە بێ جگەی خوا شتێکت بۆ بکات وەباوەڕیشی وابێ بۆ ئەکا. جگە لە خوا لە کەسی تر بترسێ پێت وابێ سوود و زیان لە جگەی خواوە دێت و توشیتۆ ئەبێ ، بە خواو بە گیانی،تۆ سوێنە ئەخۆم ،سەگەکەمان نەبوایە دز ئەهاتە سەرمان . دوێنێ شەو قازی نێو خانوەکەمان نەبوایە دارییان ئەبردین ، خواو تۆ بتانەوێ فلان شت ئەبێ ، تۆ و خوا نەبونایە ئەو شتە ڕوی ئەدا ، خواو فلان کەس ئەمان پارێزن ، پیاوانی خوا ئاگایان لێمانە ، پیاوانی خوا ئەمان کوژن و تووشی زیانمان ئەکەن ، خواردەمەنیمان ئەدەنێ و بۆمانی زۆر ئەکەن ، نارزم بۆ کاروان سەبری هێنا ، فلان ڕۆژم پێوە نایە ، کونەبەبو خوێندی ، زۆر شتیتری لەو جۆرانە .

بۆ زانین : باشترین بە لگە بۆ ڕاستی ئەو شتانە کە جۆرێکن لە هاو ووێنەدا نان بۆ خوا : ئەم فەرمودەی دووایی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ ڕۆژێ پیاوێ بە پێغەمبەری ووت :﴿ ماشاء الله و شئت﴾ شتێ خوا ئارەزووی بکاو تۆ ئارەزووی بکەی ئەبێ پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ فەرمووی ﴿أجعلتني ندا﴾ ئایا تۆ من ئەگێری بە وێنەی خوا ؟.

بۆ ئاگاداری :ئەوانە زۆر گرنگن ، چونکە پەیوەندیمان بە باوەرهێنانەوە هەیە بۆیە ، پیویسە زۆر هۆشیاربین بە ڕاستی ئەوکەسەی بەووردی لەمانای ئایەتەکان بکۆلیتەوە بۆی ڕوون ئەبێتەوە هەرکاتێ باوەڕی هێنابێ بەبێ گومان بە بنچینەیە لە بنچینەکانی باوەڕ وێنەی باوەڕی بە خوایەتی خوا پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ و زیندووبونەوە چاری نامێنی کە باوەڕ بە هەموو یاساکانی ئیسلام بهێنێ بە هەموو لق و پۆپی دەستوری ئیسلام.

﴿وان كنتم فی ریب مما نزلنا علی عبدنا ﴾ وە ئەگەر ئیوە ی ئادەمیزاد لـە گوماندان بـە شتیَ ئیمە ناردومانەتە خوارەوە بۆ سەر بەندە ی ئیمە کـە موحەمـەدە و ئـەڵێن فـەرمودەی خوانی یە ودانراوی موحەمەدە .

﴿ فأتوا بسورة من مثله ﴾ دووایی ئێوە بێن سورەتیَ لە وێنەی ئەو شتە ئیمە ناردومانــە بۆ سەر بەندەی ئێمە وە یا پیاو بیَ بێنن وێنــەی موحەمـەد ﴿ﷺ﴾ نەخوێنـەواربیَ ونـەتوانیَ بنوسیَ و وێنەی ئەو قورئانەی دانیَ ، خۆ ئیوە خۆتان هەڵئەکێشـن و ئـەڵێن : ئێمـە زمـان پاراوین زمانی عەرەبی ئەزانین بە چاکی .

﴿ وادعوا شهداء كم من دون الله ان كنتم صادقين﴾ وە ئیوە بانگ کـەن بـۆ دانـان و هێنانی وێنەی ئەو قورئانە هەموو ئەو کەسانە لاتانن و هەموو خواکانیشیان لە جگەی خوا ئەگەر ئیوە راست ئەکەن لە گوفتاری خۆتانا:

﴿ فأن لم تفعلوا ولن تفعلوا﴾ دووایی ئیوە نەتان کردووە و نایشتوانن و نایکەن دانانی وێنەی ئەو قورئانەی لـە گەڵ دۆست و خواکانیشتانا.

﴿ فأتقوا النار التي وقودها الناس والحجـارة أعـدت للكـافرين﴾ کەواتـە ئێـوە خۆتـان بپارێزن و بترسن لـە ئاگریَ ئــەوتۆ سـوتەمەنی ئـەو ئـاگرە پیـاوان و ژنـانی گوناهبـارن و بتەکانتان کە بەردی تاشراون ، ئەو ئاگرەی ئامادەکراوە بۆ بیَ باوەڕان بە تایبەتی بۆ ئیـوە کە ئەڵێن : قورئان دارنراوی خوانی‌یە ، لـە جیگەیە ئەو زمان پارانە و ئـەو زمـانی عـەرەبی زانانەی سەردەمی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ نەیان توانییَ وێنەی ئەو قورئانــەدابنین ئـەو کەسـانەیش دووای بێن باشتر ناتوانن وێنەی ئەو قورئانە دابنێن :

تێبینی :هەزارو چوارسەدو هەژدە ساڵ زۆرترە کە قورئانی پـیرۆز هـاتووە تـە خـوارەوە .ئەوکەسانەی دوژمنی ئایینی ئیسلام و قورئانی پیرۆزبوون خۆیانیان بە زانـاو پسـپۆرئەزانی لە هەندیَ کات و لـە هەندیَ جێگەدا خۆیانیان مـاندوو کـردووە بـۆ بەرپـەرچ دانـەوەی قورئانی پیرۆز جگە لـە ووتەی پڕوپوچ هیچ شتیَ تریان بــۆ نـەکرا ... وە زوربـەیان پـاش

خۆماندوکردنێکی فراوان چاریان نەما باوەڕیــان بـە ڕاسـتی قورئـان هێنـا . دووایـش بـە هەزاران نامەیان دانا کە ڕێبازی قورئان و بۆچونی قورئان ڕاستە و بێگومانـە و فـەرمودەی خوایە هەریەکە لـەو زانایانـەبوون بـە پیشـەوا و مامۆسـتای ناوچـە یـە لـە جیـهاندا ، وە بەختیاری هەردوو جیهانیان دەست کەوت . بیٚ باوەڕان و خۆپەرستان ڕیسوایان بۆمایەوە ، ئەوباسانەی سەرەوە گەورەترین بەلگەن بون لـە سەر ڕاستی قورئان کە دانـراوی خوایـە بەلگەیش بون لـە سەر ڕاستی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ و فەرمودەکانی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ وە جگە ئـەو بەلگانەی پێشوو بەلگەی زۆری تریش هەن کە قورئان پیرۆز فـەرموودەی خوایـە وە ئـەم بەلگانەش ، وەك ئەم بەلگانەی خوارەوە :

١-هەمو کاتیٚ قورئانی پیرۆز بخوێنرێتەوە خوێندنەرەکـەیماندوو ناکـا ، گوێچکـە بـۆ گرانیشی ئالۆز نابیٚ ، وە زۆرتر پێیانخۆشە کە زۆرتر قورئــان بخوێـنریٚ و گوێچکـەی بـۆ بگریٚ مەگەر کەسانیٚ لایان باش نەبیٚ و خۆپەرست و بی باوەڕ بیٚ ڕێگە دژایەتی و نـەزانی بگریٚ هەر بە گوفتاری خۆی بە بیٚ بەلگە .

٢-گێڕانەوەی باسی گەلانی رابوردوو بەسەرهاتیان ، چۆنیەتی ژیانیان و لـە ناوچونیــان لـە مرڤیکی نەخوینەوارەوە ئەوەمان نیشان ئەدا کە قورئان دانراوی خوایـە ، بلاوبونـەوەی ئاینی ئیسلام بەزۆرترین جیگەی زەویدا و بە بیٚ چەك و بە بیٚ جەنگ کردنــی قورئـان بـە یاسا بۆ حۆیان وکردنی قورئان بە چەك بۆ خۆیان ئەوە ئەگەیەنن کە قورئان دانراوی خوایە هەر بە یاسای قورئان لـەکۆنەوە هەتا ئیستا بوە بە هۆی نەمانی نە خۆشـی و نـەمانی چـەو سانەوەی گەلان و نەهێشتنی پەرستنی بتـەکان و گۆڕسـتان پەرسـتی و پیـاوە گـەورەکان پەرستن ئەمەمان پیشان ئەدەن کە قورئان دتنلراوی خوایە بەتەنها .

بۆ زانین : بێگومان پێش ئاینی ئیسلامیش هەرنامـەکانی خـوای گـەورە بـووە گـەلانی پێشوویشی رزگارکردووە لـە ستەمی پاشایان و بیٚ باوەڕان ، جگە لـە تەورات و ئامۆژگاری تەورات چ شتیٚ بوو چەکی دەستی موسابیٚ بۆ رزگارکردنی بەنی ئیسرائیل لــە کوشـتن و

سەربڕینی پیاوان و هێشتنەوەی ژنانیـان بـۆ کارەکـەری . زۆر ڕوونـە هـەر ئامۆژگـارری تەورات بوو ، هەر قورئانیش بوو کە ڕزگاری کرد گـەلێکی ووشـك و دڵڕەق و تـاڵان کەری وەك دانیشتوانی مەکە لە دووبەرەکی و ڕەگەز پەرسـتی ز زینـدە بـە چـاڵ کردنـی کچان و لە ژێر دەستەی ڕژێمی ڕوم و فارس.

هەر قورئان بۆ ئەوکسانەی لە قوتابخانەی قورئانا بوون و لە زانکۆی ئیسـلام دەرچـون بون بە پیشەوای گەلانی ڕووی زەوی هەروەها ئینجیل بو بە هـۆی ڕزگـارکردنی گـەلانی سەردەمی عیسا لە ستەمی کاربە دەستانی ئەو رۆژە ، دووبارە قورئـانی پـیرۆز و ڕەوشـتی بەرزی ئیسلام زوربەی گەلانی ئاسیاو و گەلانی ئەفەریقای ڕزگارکرد لە پەرسـتنی بتـان و و ژنان و ئاژەڵ و گاو گورگ و مشك ، ڕویپێ کردن بۆ لای خواپەرستی و دادپەروەری زانین و زانستی و نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی .

﴿وبشر الذين آمنوا و عملوا الصالحات﴾ وە تۆ موحەمەد مـوژدە بـدە بـە کەسـانێکی ئەوتۆ باوەڕیان هیناوە وە کردەوەی چاکە کانیانکردووە .

﴿أن لهم جنات تجری من تحتها الانهار ﴾ کەبەراسـتی بـۆ ئـەو کەسـانە هەیـە چـەندین بەهەشت و باخ و چیمەن ئەروا بـەژیر درەخـت وو ئـەم لاولای کۆشـکەکانیان چـەندین ڕوبار لە ئاوی شیرین و سارد و بەتام.

بۆ زانین : خوای گەورە کەباسی شتێکی کرد ، دووابەدووای ئەو شتەباسی دژەکەشـی ئەکا یانیٚ کەباسی پاداشتی کرد دووای ئەو باسە باسی سزا ئەکا کەباسی هـاندان کردنـی چاکەی کرد باسی ترساندنی لــە کـاری خـراپ ئـەکا ، لـێرەدا دووای ئـەوەی ڕسـتەی ﴿اعدت للکافرين ﴾ ئەفەرمویٚ ﴿ وبشر الذين آمنوا﴾ کـە باسـی ئـاگری فـەرمو باسـی بەهەشتی کردووە .

﴿کلما رزقوا منها من ثمرة رزقاً﴾ هەموو کـاتیٚ دەرخـواردی ئـەو کەسـانە بـدریٚ لـە میوەی ئەو بەهەشتانە خواردە مەنیەکە کە ئارەزووی خواردنی ئەکەن .

﴿ قالوا هذا الذی رزقنا من قبل ﴾ باوەڕداران ئەلین :ئەمە خواردنێکی ئەوتۆیە دەرخواردی ئیمە درا لەمەوبەر لە جیهاندا ، میوەی بەهەشت رەنگیان وەك یەك وایە و تامیان جیاوازە هەرکاتێ میوەیەکیان بۆ بێنن وا ئەزانن میوە پیشوەکە یە .

﴿ واوتوا به متشابها﴾ وە ئەهێنرێتە بەردەمی باوەڕداران ئەو خواردەمەنتیە رەنگیان و قەوارەیان وێنەی یەکن بەلاًم تامیان جیاوازە.

بۆ ئاگاداری : ئەو خواردەمەنی و میوانە لەبەهەشتدا دەرخواردی باوەڕداران دەدرێ لە ڕەنگ و قەبارە و چاکیدا وێنەی ئەوانەن لەجیهاندا ئەیان خوارد و بۆیان ئەهێنان کەچی تامیان لەیەك نەئەچوو هەموو جارێ خواردەمەنی و میوەیان بدرێتێ تامێکیان هەیە یەك لەدوای یەك جیاوازن لەتامی پێشوەکانیان کەچی ڕەنگە کەیان نەگۆڕاون نمونەی میوەی بەهەشت لەم جیهانەدا هەن ، وێنەی ئادەمیزاد هەمویان دروست کراون لەسەرو لەش ڕوومەت و گۆشت وخوێن وئێسك ودەمارو چاوو گوێچکە وزمان و شتی تر کەچی جیاوازن لەئازاریی و زیرەکیو ترسنۆکی و تەمبەلێ و زانیاری و نەزانین و دەست گوشایی و ڕژوی و ڕەوشتی بەرز و ڕەوشتی نزم و تەندروستی و نەخۆشی و ژیری و گێلی و شتی تریش لەگەڵ ئەوەیشدا ئادەمیزاد بەو هەموو جیاوازیەوە هەیانە لەیەك شت دروستکراون .ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە سەری مرۆڤ یەك سەرچاوەیە بەلاًم ئاوی دەم شیرینە ئاوی لوت توونە ئاوی چاو سوێرە ئاوی گوێچکە تاڵە ئیتر بۆ ئادەمیزاد خۆی گێلو گەوج ئەکات جگە لەخوا بەتەنها کەسێ تر بپەرستن ،وەهاوبەش بۆ خوادابنێن ؟ .

لەگەڵ ئەوەدا ئەو هەموو شتە سەر سوڕهێنەرانە کە هەندێکیان بە چاو ئەبینرێن و هەندێکیان دووای بیرکردنەوە ئەبینرێن ، پێویستە ئێمەی باوەڕدار بزانین میوەکانی بە هەشت لە درەختەکان کرانەوە بە گورجی وێنەی ئەوەی کرایەوە دێتە جێگەکەی ، بەو بۆنەوە لە دانیشتوانی تێك ئەچێ ئەڵێن : زۆر سەیرە بە گورجی چۆن جێگەکەی پڕبووە وە کە ئیمە ئێستا خواردمان . کەواتە خواردەمەنی بە هەشت بە خواردن کەم نابێتەوە بە

جۆرێ ئەگەر هەموو زیندەوەران لە سەر خواردنی هێشوو یێ ترێ کۆببنەوە بۆ خواردنی ئەو هێشوە هەمویان تێر ئەکا وە لە بەرچاوی ئەوان هیچ شتێکی لێ کەم نابێتەوە.

﴿ولهم فيها ازواج مطهرة﴾ وە بۆ باوەرداران هەیە لە نێو بەهەشتا چەندین هاوسەر و هاوجوت پاك کراونەتەوە لەو شتە قێزەونانەی مرۆڤ لایان ناخۆشە و قیزەونن وێنەی خوێن و میزو پیسی و چلّم و بەلّغەم و ئاوسی و چلّك و سەرئێشە ونەخۆشی ئێشی پاش منالّبوون و ژانی منالّبون و لە داوێن پیسی و خانەگومانی ودلّ پیسی .

﴿وهم فيها خالدون﴾ وە باوەڕداران لە نێو بەهەشتا بەردەوامن هەتاهەتایە زیندوون و هەرگیز نامرن هەموو کاتێ لەتەمەنی سی و سێ (٣٣) سالّیدان ، ژنان و پیاوانی بە هەشت لاو وبێ مون هەموو کاتێ ئارایش کراون و ڕێك و پێکن ماندویی ڕوویان تێ ناکات ، ئەندامەکانیان شیاوی یەکترین رۆژژ لە دووای رۆژ جوانتر ئەبن پیری و لاوازی و نەخۆشی ڕویان تێ ناکا. جل و بەرگ و شخلّیان نارزێ و چەندین شتی تر گرانە نوسینیان.

﴿ فأما الذين أمنوا فيعلمون أنه الحق من ربهم﴾دووایی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان هێناوە بە خوا و بە پێغەمبەر(ﷺ) و بە قورئان دووایی ئەزانن ئەو وێنە لێدانە راستە لە لای پەروەردە کەری خۆیانە وە کە بە باشی وورد ئەبنەوە لە ناوەڕۆکی ئەو ئایەتانە بە بێ گومان بڕوای پێ ئەهێنن ئەڵێن : هەرکارێ خوا بیکا زۆر چاك و شایستەیە ؟

﴿وَأَمَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَيَقُولُونَ ماذا أرادَ اللهُ بِهـذا مَثَلاً﴾ وە بەڵام کەسانێکی ئەو تۆ باوەڕیان نەهێناوە، وەك جوولەکان و دووڕووەکان ، وبت پەرستان دوای ئەڵێن :چ ویستێکی هەبووە خوا بەلێدانی بەو شتە بێنرخانە بەوێنەدانان؟.

﴿يُضِلُ بِهِ كَثِيرًا وَيَهْدِى بِهِ كَثِيرًا﴾ خوا لەڕێگای ڕاست لا ئەدا بەهۆی ئەو وێنە لێدانەوە زۆر کەس لەئادەمیزاد وەك بت پەرستان و بێ باوەڕانی تر ، خوا یاریدە ئەدا بەهۆی ئەو وێنە لێدانە زۆر کەسیش لە باوەڕداران و ڕاغوییان ئەکا.

﴿وَما يُضِلُ بِهِ إلاّ الْفاسِقِينَ﴾وە خوا لانادات لە ڕێگای ڕاست بەهۆی وێنە لێدانەوە مەگەر کەسانێ کە لەسنووری دیاری کراوی ئیسلام دەرچوون ، وەك جولەکەکان هەموو بێ باوەڕن .

﴿ الَّذِينَ يَنْقُضُونَ عَهْدَاللهِ مِنْ بَعْدِ مِيثاقِهِ ﴾ کەسانێکی ئەوتۆن تێك ئەدەن فەرمان و پەیمانی خوا لەپاش بەستن و گرێدانی ئەو پەیمانە لەلایەن خواوە دابین کراون بەچەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز.

﴿ وَيَقْطَعُونَ ما أمَرَاللهُ بِهِ أنْ يُوصَلَ ﴾ وە ئەو کەسانە ئەپچڕێنن و پارچە پارچە ئەکەن شتێ خوا فەرمانی داوە ئەو شتە بگەیەنرێن بەیەك ،وەك ئاموشۆی خزمان و دۆستایەتی باوەڕداران و باوەڕهێنان بەپێچغەمبەران کەچی ئەوان باوەڕ بەهەندێ پێغەمبەران دێنن و باوەڕبە هەندێکیان ناهێنن .

﴿وَيُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ﴾ وە ئەو کەسانە ئاژاوەو خراپە بڵاو ئەکەنەوە لەزەویدا،وە گاڵتە بەڕاستیەکان ئەکەن ، دژی ئاینی ئیسلام دەوەستن جگە لەخوا ئەپەرستن .

﴿أولئِكَ هُمُ ألْخاسِرُوْنَ﴾ ئەو بێ باوەڕە ئەوانـەن هـەر ئـەوان زیـان مـەندن و سـزایان دەدرێت لەڕۆژی دوایدا بێبەش دەبـن لەبەهەشـت ،چونکـە فـەرمانی خوایـان تێـك داوە وەنایان گەیەنن بەشوێنی خۆیان و خراپە بلاوئەکەنەوە لە زەویدا و لە دژی پیاو چاکانن .

تێبینی : ئادەمیزاد بیانویان لی‌وەرناگرێ باوەر بە ئاینی پیرۆزی ئیسـلام نـەهێنن چونکـە بەهۆی قورئانەوە ئەو ئاینەی گەیاندووە بە زوربەی زۆری ئادەمیزاد ئەو قورئانە بەردەوامـە هەتا هەتایە ، فەرمانیان پێ دراوە چاکە بکەنوخراپە نەکەن .بە تایبەتی لەم چەرخەی ئێمـەدا بەزۆری باسی لێوەکراوە ، وە بە دانیشتوان ناسراوە بە هۆی رادیۆی و تەلـە فزیـۆن وبـە هۆی بێ تەلەوە و تەلەفۆنەوە ، هاتو چۆ بە زۆری ئاسان کراوە و ئەتوانرێ پـەیوەندی بـە هـەموو دانیشـتوانی ڕووی زەوی بکـرێ ، وە هـەواڵی ڕۆژانـە بەیـەکتری بگەیـەنن یـا بەتەواوی یاتارادەیەکەلە یەکتری بگەن ، لەم سەردەمەدا زوربەی ئادەمیزاد زمانی یـەکتری فێربون بە هۆی زانکۆکانی فێرکردنی زمان ، جگەی ئەوانیش ، ئادەمیزاد ئازاد سەربەستە و زۆریان لێ ناکرێت باوەڕ بهینن و چاکە بکەن و خراپەنەکەن بەڵام پێویستە ئەقڵ و ژیـری خۆیان بەکار بهێنن بۆ دیاری کردنی چاك و خراپ ئەوکاتە بۆیان ڕوون ئەبێتەوە چاکـە و خراپە پەیوەندی بە خوای گـەورە وە نی‌یـە ، خۆیـان بەرپرسـیارن و هیـچ کەسـێ زۆری لێناکرێ و، خۆیان بە سەربەستی خۆیان بە کردەوەی خۆیانیان هەڵبژاردووە ، پێشـکەوتن و دووا کەوتنی شارستانی دەست نیشان کردنی بیروباوەڕ هۆی کەمتەرخەمی خۆیانە زانای و پێش کەوتن هەر بە کۆشش پەیدا ئەبێ بۆیان روون ئەبێتەوە وە توشی بوختتان و سـەر لێ شێوان نابن کە هەندێ لە خۆ پەرستان و پارەو پول پەرستان ئەیلێن و زمان درێژی ئەکـەن کە ئاین ئێمەی دووا خستووە و دوژمنایەتی ئایین ئەکەن بە بێ ئەوەی لـە مـاوەی هـەموو تەمەنیاندا نامیلکەیەکی لە باسی ئاینی ئیسلامدا خوێندبێتـەوە جگـە لـە نووسـراو نامـەی دوژمنانی ئیسلام ئەوشتەی ئەگەر خویندبیتەوە بریتی بووە لە رۆژنامە یان گۆڤار کە جگـە

یسەلمێنین هەروەك باوك و كورِ لەمیهرەبانیدا بۆ یەكتری هاوبەشن ، باهەندێ باوك و كورِ لەهەندێ تریان زۆرتر میهرەبان بن ، بەلاّم مرۆڤ لەهەندێ شتی تردا لەیەك جیاوازن وەك ئازایی و ترسنۆكی سەخاوەت و رِژدی دلّ نەرمیو دلّ رِەقی وپستی بەهێز و بێ هێز ، ئاورِدانەوە بۆلای چاكەو خراپە ئادەمیزاد لەوانە وەك یەك نین یانی مرۆڤ یان ئازایە یان ترسنۆك یاسەخی یە یارژد، چاكە خوایە یان ستەم كار .

پرسیاری سێهەم : ئەو شتانەی پێشو كەباسیان كرا دژی رِوالّەتی دەركەوتووە ئەبینرێ مرۆڤێ كاری چاك وكاری خراپ ئەكا تۆ بۆئەبێ هەر بەجیز بی لەسەر یەكێكیان وەچاوی خۆت لەئاستی ئەوی تریان ئەنوقێنی ؟

وەلاّمی ئەم پرسیارە بەم جۆرەیە : ئەو چاكەیە لەستەم كاریێ ئەبینرێ بەرِێكەوتە لەپێشەوە بیری بۆ نەكردوەتەوە یابیریشی بۆ كردبێتەو؟ بۆ ئاواتی گـلاّوی خۆیەتی بۆ هەلّخەلّەتاندنی دانیشتوانە ، پرِوپاگەندەیە لەناوەرِۆكدا .

لێرەدا باسێكی ترمان هەیە ، بۆ ئەو باسە كەسمان لەگەلّ نییە مەگەر كەسانێ وەك ئێمە برِوایان بەخوا هەبێ و چاوی لەدوارِۆژ بێ ، ئەوباسە ئاینی ئیسلام پیێ ئەلّێ (توفیق) یانی رِەخساندنی هەموو هۆیەك بۆ كردنی چاكە ئەو تەوفیقە نەبەهێزی ناوخۆی مرۆڤە نەبە رِوداوی دەرەوە نارِەخسێ بەلّكو بەهێزێكی نهێنی وتوانایەكی چاكەی خوایی بێ پایانی نهێنییە ، ئەو هێزە بۆ هەندێ كەس رِێگەی چاكەیان بۆ سازو پاك ئەكات و رِویان وەرئەگێرِێ بۆلای ئەو كارانە خوا پێی خۆش بێ بێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بكەن .كۆتایی بەو پرسیار و وەلاّمانە هات.

هەموو خاوەن نامەو پرِۆگرامێ ئەوپەرِی خەباتی خۆیان ئەخەنە كار بۆ ئەوەی ئادەمیزاد برِوایان پێ بكەن بۆیە بانگەواز ئەكەن و بیرو باوەرِەكەیان بەناویانا بلاّو ئەكەنەوە هەتاوەكو دواكوتوو یاریدەدەرو لایەن گریان زۆربێ ، هەموو سزاو ناخۆشی بۆ ئەو مەبەستە ئەچێژن یەكێ لەوكەسانە بەو كارە هەلّسابێ بەبلاّوكردنەوەی رِاسترین یاسا بۆ هەلّسورِانی كارو

## ﴿ پێڕست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ٨ | پێشەکی |
| ٩ | ناوەکانی قورئانی پیرۆز |
| ٩ | باسی گەورەیی قورئانی پیرۆز |
| ١١ | باسی پەناگرتن لە شەیتان |
| ١١ | خەڵەتاندنی هەندێ مرۆڤی ساویلکە |
| ١١ | گفتوگۆی شەیتان لەخزمەتی خوادا . |
| ١٣ | هاتنی شەیتان بۆ خزمەت پێغەمبەر. |
| ١٣ | چوونی شەیتان بۆلای عیسا . |
| ١٣ | چوونی شەیتان بۆ خزمەت نوح. |
| ١٤ | پەناگرتن لەشەیتان سوودی زۆرە. |
| ١٦ | بەشی چوارەم باسی ژمارەی سورەتەکان . |
| ١٦ | ژمارەی سورەتەکان و تێبینی زۆر گرنگ . |
| ١٧ | مانای (سورەت) وە ژمارەی ئایەتەکان . |
| ١٧ | کۆتایی پێشەکی . |
| ١٨ | سورەتی ﴿ ئەلفاتیحە﴾ . |
| | ناوەکانی سورەتی ﴿ فاتیحە ﴾. |
| ٢٨ | باسی گەورەیی سورەتی ﴿فاتیحە﴾ |


## ﴿ پێڕست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ٢٣ | دەست پێ کردن بەماناکردنی سورەتی ﴿ فاتیحە﴾ . |
| ٢٤ | میهرەبانی خوا لەگەڵ مێش هەنگ و ئادەمیزاد دا . |
| ٢٤ | میهرەبانی خوا بۆ مێرولە و جاڵجاڵۆکە. |
| ٢٨ | ووتووێژی نوێنەری ئیسلام (زەهرە) لەگەڵ ڕۆستەم دا . |
| ٣٢ | باسی هەندێ تر لەمیهرەبانی خوا . |
| ٣٤ | بیرنەکردنەوەی ئادەمیزادلەخۆی ولەگەردوون . |
| ٣١ | شیری دایك و منداڵ . |
| ٣٢ | پێویستە داوای یارمەتی هەر لەخوا بکەین . |
| ٣٢ | باسی ئەو کۆمەڵانە لەخوا یاخی ئەبن و پاشەڕۆژیان . |
| ٣٥ | ئەوانەی خەشمیان لێ گیراوە و لەرێگە لایانداوە . |
| ٣٦ | مانای ﴿ آمین ﴾ . |
| ٣٦ | کورتەی مانای سورەتی ﴿ فاتیحە ﴾ |
| ٣٧ | دەست پێ کردن بەمانا کردنی سورەتی ﴿ ئەلبەقەرە ﴾ . |

## ﴿ پێڕست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ٣٨ | پرسیار و وەڵام لەبارەی مانای (هدی للمتقین) |
| ٣٩ | پروپاگەندەی دوژمنانی ئیسلام بۆ قورئانی پیرۆز . |
| ٤١ | گا و ماسی و کێوی قاف نین . |
| ٤٢ | بەڵگەی بەتین لەسەر بوونی خوا . ڕێزگرتن لەئەقڵ و زانست . |
| ٤٢ | زانینی تازەی ئەم سەردەمە. کەئەقڵ هەبێ پێویست بەقورئان نیە . |
| ٤٣ | نوێژ نەکردن و سزاکەی بەگوێرەی یاسای ئیسلام . |
| ٤٤ | باسی زەکات و جۆرەکانی. باسی ناڕاستی ئینجیلەکان . |
| | باسی بێ باوەڕی . |
| ٤٣ | دارایی ئادەمیزاد پێویستە زەکاتی بۆ بدرێ . |
| ٤٩ | بڕوا بەڕۆژی دوایی . |
| ٥٠ | دووڕوەکانی کاتی پێغەمبەر (ﷺ) هەر ڕۆژێ بەرگێ لەبەر ئەکەن . |
| ٥١ | پیاوانی دووڕوو ئاژاوە دروست ئەکەن . |
| ٥٢ | ڕێزگرتن بەسامان و دارایی نیە . |


## ﴿ پێڕست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ٥٤ | دووڕووەکان ترسنۆکی بەئازایی دائەنێن . |
| ٥٦ | سوودی وێنە لێدان لەقورئاندا . دووڕووەکان شاگردیان ماون . |
| ٥٧ | ماناکردنی ( رعد ، برق ) . |
| ٦٣ | هاوبەشداران بۆ خوا نمونەیان زۆرن (١٤١٨) ساڵ دژایەتی کردنی قورئان جێگەی خۆی نەگرتووە . |
| ٦٣ | قورئان بەرەنگاری ناکرێ . |
| ٦٥ | خوا کە باسی شتێکی کرد باسی دژەکەیشی ئەکا . |
| ٦٦ | جۆرەکانی خواردەمەنی بەهەشت و جۆنایەتیان . |
| ٦٨ | خوا شەرم ناکا وێنە لێ بدا . |
| ٧٠ | ئادەمیزاد بیانوی لێ وەرناگیرێ باوەڕ بەئاینی ئیسلام نەبەرێ . |
| ٧١ | ئادەمیزاد بەگشتی پێویستە قورئان بکەن بەیاسا . |
| ٧١ | هەندێ لەو شتانەی پەیوەندیان بەبونی خواوە هەیە . |
| ٧٤ | کیف تکفرون بالله . |
| ٧٧ | واذ قال ربك للملائكة . |

﴿ پێڕست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ٧٩ | هیچ بەڵگە نیە بۆ ناسینی فریشتەکان |
| ٧٨ | ئایا پێش ئادەم کۆمەڵێ تر بوون لەسەر زەوی ؟ . |
| ٨٠ | ( خلیفه ) چ کەسێکن ؟ |
| ٨١ | گفتوگۆی فریشتەکان و سوودی بۆ ئادەمیزاد . |
| ٨٤ | بۆ خوا فەرمانی دا بەفریشتەکانی سوژدەببەن بۆ ئادەم . سوژدە بردنەکە بەچ جۆرێ بوو ؟ |
| ٨٤ | سوودی دووپات کردنەوە هەندێ لەمێژوی ڕابووردووەکان ، باسی هەندێ کەس لەقورئاندا سوودی چی‌یە ؟ |
| ٨٥ | سوژدەبردن بۆ جگەی خوا دروستە یان نا ؟ |
| ٨٨ | ژن لەچ شتێ دروست کراوە ؟ |
| ٨٩ | بەهەشت لەچ جێگەیەکە ؟ |
| ٩٠ | باسی دەرکردنی شەیتان لەبەهەشت. |
| ٩٠ | دەرکردنی ئادەم و حەوا لەبەهەشت. |
| ٩٣ | بۆ ئادەم لەبەهەشت دەرکرا . سوود چ شتێ بوو ؟ |
| ٩٤ | پێغەمەران گوناهیان کردووە یا نا ؟ |


﴿ پێڕست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ٩٥ | باسی مێژووی بەسەرهاتی جولەکەکان . |
| ٩٩ | ئیسرائیل ناوی چ کەسێکەومانای چیە ؟ |
| ٩٨ | کاتێ پێغەمەر چووە مەدینە جولەکەکان هەستیان کرد بوونی پێغەمەر مەترسی زۆرە . |
| ١٠١ | جیاوازی موسڵمانان و جولەکە بەئایەتی (أذكروا نعمتي ) . |
| ١٠٦ | تەورات و پێغەمەری ئیسلام . |
| ١٠٨ | ئینجیل و پێغەمەری ئیسلام . |
| ١٠٩ | باسی ئینجیلی ( برنابا ). |
| ١١٩ | نەگبەتی پیاوانی ئاین و زانایان چ شتێکە ؟ |
| ١٢٢ | ئایا شەفاعەت هەیەلەخزمەت خوادا؟ |
| ١٢٤ | سەربڕینی ئیسرائیلیەکان و هێشتنەوەی ژنەکانیان. |
| ١٢٥ | چەوسانەوەی جولەکەکان . |
| ١٢٩ | تۆڵەکردنەوەی کوژراویێ بەدەستی پۆلیس و سەرباز. |
| ١٢٩ | ڕزگار بوونی جولەکەکان و خنکانی فیرعەون . |

﴿ پێڕست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ١٢٦ | ئەو دەریایەی فیرعەونی تێدا خنکا چ دەریایە بوو ؟ |
| ١٢٨ | سوودی دووپاتکردنوەی باسی فیرعەون و جولەکەکان. |
| ١٣٠ | فەرماندانی خوا بەجولەکەکانبۆ خۆ کوشتن . |
| ١٣٢ | چونی موسا بۆ کێوی تور . |
| ١٣٢ | خۆکوشتنی جولەکەکان و سوودەکانی . |
| ١٣٥ | باسی مردنی ئەو کەسانەی داوای چاو پێکەوتنی خوایان کردوو زیندوو بونەوەیان . |
| ١٣٩ | ژمارەی ئەو کەسانەی ڕزگاریان بوولەخنکان . |
| ١٣٧ | باسی چۆنێتی ئەو کەسانەی ڕەڤیان گرتبێ بەخزمەتکاری بێگانە . |
| ١٤٢ | باسی داروودەستەکەی موسا . |
| ١٤٧ | بەراوردێ لەنێوان سوشیالیست و سەرمایەداران . |
| ١٥٠ | باسی جولەکەکانو گاورەکان و دووڕووەکان . |
| ١٥٢ | ژمارەی تاقمی جولەکەکان. |


﴿ پێڕست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ١٥٤ | ژمارەی تاقمی گاورەکان . |
| ١٥٩ | ژمارەی تاقمی سابیئیەکان . |
| ١٦١ | باسی ئەو کەسانەی بەدرۆ خۆیان ئەکەن بەئایین پەروەر و نیشتمان پەروەر . |
| ١٦١ | خوا فەرمانی دا لەڕۆژی شەممەدا ماسی نەگرن . |
| ١٦٣ | فێڵی هەندێ کەسبۆ نەکەوتنی تەڵاق و نەدانیزەکات . |
| ١٦٢ | ئایا گۆڕینی جولەکەکان بەمەیمون بەلەشبو یا بەسروشت . |
| ١٦٣ | ڕێزگرتنی خوا بۆ جولەکەکان . وەبۆچی کراوە ؟ |
| ١٦٥ | کردەوەی زاوێنی لەم سەردەمەدا . |
| ١٦٦ | دەرکردنیچەندین نامیلکە لە دژی ئیسلام . |
| ١٦٦ | جولەکەکان دوژمنی مرۆڤایەتین. |
| ١٦٩ | باسی مانگای داواکراو بۆ سەربڕین. |
| ١٧٠ | ئایا سەربڕینی ئەو مانگایە پەیوەندی بە کوشتنی ئەو پیاوەوە هەیە کوژرا بوو یان نا ؟ |

﴿ پێڕست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ١٨١ | پەیدا بوونی چەندین پەند لەباسی جولەکەکان . |
| ١٨٢ | ئاورێ بدەینەوە بۆ باسی کردەوەی کۆمەڵی ئێستا و بێ فەرمانیان بۆ خوا . |
| ١٨٣ | بۆچی کاربەدەستان ڕێگە ناگرن لەکاری بەدرەوشتی ئەم سەردەمە؟ |
| ١٨٤ | پاشەڕۆژی بێ باوەڕان و کارەساتی سروشتی . |
| ١٨٥ | ئایا چ هێزەکە دەست ئەخاتە کاروباری مرۆڤ لەناوەوەی خۆی و دەرەوە ؟ |
| ١٨٧ | ﴿ توفیق ﴾ مانای چیە و چۆن پەیدا ئەبێ ؟ |
| ١٩٩ | وەرگرتنی پەیمان لەجولەکەکان . |
| ٢٠٥ | کاتی چوونی پێغەمەر بۆ مەدینە وچۆنێتی کۆمەڵایەتی . |
| ٢٠٧ | جوولەکەکان لەسەر دووپەت یاری ئەکەن. |
| ٢٠٩ | بەخشینی تەورات بەجولەکەکان . |
| ٢١١ | باسی ﴿ روح القدس ﴾ . |
| ٢١٢ | جولەکانی مەدینە بەر لەهاتنی پێغەمەر . |


﴿ پێڕست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ٢٢٢ | جولەکەکان ئەڵێن : ئێمە کوڕی خواین. |
| ٢٢٧ | دوژمنایەتی بەجولەکەکان بۆ جبرەئیل |
| ٢٣١ | ئامۆژگاریستەمکاران و خۆپەرست بێ سوودە . |
| ٢٣٤ | باسی هاروت و ماروت بەدرێژی . |
| ٢٤٣ | جادو (السحر) چیە و چۆنە ؟ |
| ٢٤٤ | جادوی مار و دووپشك ، جادو بەچاوەوە . |
| ٢٤٥ | جادوی کلدانیەکان ، جادو بەهۆی جنۆکەوە . |
| ٢٤٥ | هەندێترلەجۆری جادو . |
| ٢٤٩ | ئایا جادو بێ باوەڕیە یا نا ؟ |
| ٢٤٧ | نوشتە نووسین دروستە یان نا ؟ |
| ٢٤٨ | جولەکەکان و ووشەی (راغبا) . |
| ٢٥١ | پێویستە ڕێگە ببەسترێ لەگفتوگۆی نارەوا . |
| ٢٥٤ | ئایا نەسخ لەقورئاندا هەیە ؟ |
| ٢٥٤ | بەشەکانی نەسخ . |
| ٢٦٠ | جولەکەکان جەنگی ئوحودیان بەهەل زانی . |
| ٢٦٣ | ئاینی ئیسلامو دادپەروەری . |
| ٢٦٥ | لاوانی ئەمڕۆ و ئاینی ئیسلام . |

﴿ پێرست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ٢٦٦ | سوودەکانی نوێژ . |
| ٢٦٧ | نوێژە فەرزەکان و مەرجی کردنیان. |
| ٢٦٩ | پوچ کردنەوەی نوێژەکان بەچ شتێ ئەبێ . |
| ٢٧٠ | ئیسلام ستەمی نەهێشت . |
| ٢٧٠ | باسی زەکات و بەش کردنی . |
| ٢٧١ | کارکردن بەئیسلام ، دەرهێنانی پیت لەنێو زەویدا . |
| ٢٧٢ | ئەو شتانەی پێویستە زەکاتیان لێ بدرێ و چۆنێتی زەکاتەکانیان. |
| ٢٧٤ | مەرجی پێویست بوونی زەکات لەسەر ئادەمیزاد . |
| ٢٧٦ | باسی سەرفیترە و ئەندازەکەی . |
| ٢٧٧ | ئەو تاقمانە زەکاتیان پێ ئەدرێ . |
| ٢٨٠ | تەفسیری مەنار و ڕەخنە گرتن . |
| ٢٨٣ | دانای پرۆژە لەدژی ئیسلام. |
| ٢٨٤ | وەڵام دانەوەی گاور و جولەکەکان. |
| ٢٨٨ | گاڵتە کردن بەمزگەوتەکان . |
| ٢٩٢ | خوای گەورە و منالّ بۆ دانانی. |
| ٢٩٣ | جیاوازیێوان قەزاو قەدەر. |
| ٢٩٧ | ئایادایك و باوکی پێغەمەربەهەشتین. |
| | مرۆڤ و پارتەکان و تاقمەکانیان . |


﴿ پێرست ﴾


| لاپەڕە | باسەکان و بابەتەکان |
|---|---|
| ٢٩٩ | جولەکەکان و بێ باوەڕی ئەوان . |
| ٣٠٠ | هەموو دوژمنانی ئیسلام لەدژی ناوەستن . |
| ٣٠١ | هەندێ لەجولەکە و گاورەکان بە ویژدانن و داد پەروەرن. |
| ٣٠٣ | ئەو کەسەی قورئان بەگوێرەی پێویست نەخوێنێ وێنەی گوێ درێژە. |
| ٣٠٥ | باسی ئیبراهیم و داواکاریەکانی لەخوا . |
| ٣٠٧ | پیشەوایانی موسوڵمانان ئەبێ چۆن بن و ئایا دروستە موچە وەرگرن لەمیری ؟ |
| ٣٠٨ | باسی باو باپیری ئیبراهیم . |
| ٣٠٩ | ئیبراهیم و شکاندنی بتەکان . |
| ٣١٩ | ئیبراهیم و چونی بۆ میسر و دانانی خاتون هاجەر لەمەکە . |
| ٣١٣ | تاوانبار و چونی بۆ نێو کەعبە . |
| ٣١٥ | کەعبە چ کاتێ دروست کراوە؟ |
| ٣١٨ | عەبدوڵای کوڕی سەلام و داوا کردنی لەبرازاکانی بۆ باوەڕهێنان . |
| ٣٢١ | ئیسماعیل و ئیسحاق و دایکەکانیان. |
| ٣٢٤ | باوك و باپیر ناگەنە فریای کەس . |
| ٣٢٧ | مانای ( المعمرية ) چ شتێکە ؟ |